# کێشەکانی بەساڵاچووانی ئاوارە لە دوای جەنگی داعش
# توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە کەمپی ئاوارەکانی ئاشتی لە شاری سلێمانی

**د.شۆخان محمود حسێن*　د.شیرین ابراهیم محمدرشید**　م.ی.ڕەنجە عبدالله سعید*****

وشە کلیلییەکان: بەساڵاچووان، ئاوارە، جەنگی داعش، کەمپی ئاوارەکانی ئاشتی، سلێمانی
https://doi.org/10.31271/jopss.10114

**پوختە**

ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە ئاشنابوونە بە کێشە (کۆمەڵایەتی، دەروونی، تەندروستی، ئابوریی)ەکانی بەساڵاچووی ئاوارە لەگەڵ ئاشنابوون بە هۆکارەکانی مانەوەیان لە کەمپی ئاوارەکان). ئەم توێژینەوەکە توێژینەوەیەکی چۆنایەتیە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی پشتی بە میتۆدی (لێکۆڵینەوەی بار) بەستووە. کۆمەڵگەی توێژینەوەکەش پێکدێت لە بەساڵاچووانی ئاوارەی دوای جەنگی داعش کە لە کەمپی ئاشتی نیشتەجین لە شاری سلێمانی ژمارەیان (١٣٣) بەساڵاچوو بووە، (٤٥) نێرن، (٨٨) مێ بوون پاشان نمونەیەکی (٣٠) کەسی بەشێوەی مەبەستدار لەو بەساڵاچووانە وەرگیراوە کەتوانای قسەکردن و گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانیان هەبووە، لەگرنگترین ئەو ئامرازانەی بۆکۆکردنەوەی زانیاری لە توێژینەوەکەدا بەکارهاتووە بریتیە لە (فۆرمی چاوپێکەوتن). لەبەشی چوارەم و کۆتایی توێژینەوەکەدا کۆمەڵێك ئەنجام بەدەستهاتووە.

**ملخص**

**مشاكل المسنين النازحين بعد حرب داعش: دراسة ميدانية في مخيم أشتي للاجئين في السليمانية**

يهدف البحث الحالي الى التعرف على المشكلات (الاجتماعية، النفسية، الصحية، الاقتصادية) للمسنين، مع تسليط الضوء على أسباب بقاءهم في مخيمات النازحين. يعتبر البحث الحالي بحثاً نوعياً، تم الإعتماد على منهج (دراسة الحالة) لتحقيق أهدافه، يتكون مجتمع البحث من النازحين بعد حرب داعش الماكثين في مخيم آشتي في مدينة السليمانية ويبلغ عددهم (١٣٣) مسناَ، (٤٥) من الذكور و

* بەشی کۆمەڵناسی/ کۆلێجی زانستە مرۆییەکان/ زانکۆی سلێمانی shokhan.husain@univsul.edu.iq

** بەشی کۆمەڵناسی/ کۆلێجی زانستە مرۆییەکان/ زانکۆی سلێمانی shirin.muhammad@univsul.edu.iq

*** بەشی کاری کۆمەڵایەتی/ کۆلێجی زانستە مرۆییەکان/ ranja.saeed@univsul.edu.iq

(٨٨) من الإناث، تم إختيار عينة من (٣٠) مبحوثاً، تم إختيارهم بصورة قصدية من ضمن المسنين القادرين على الإدلاء بآرائهم وسرد الأحداث التي مروا بها، من أهم الأدوات التي تم إستخدامها لجمع المعلومات كانت عبارة عن (إستمارة المقابلة). وفي الفصل الرابع والاخير للبحث تم التوصل الى مجموعة من النتائج.

**Abstract**

**Problems of Displaced Elderly after the ISIS war:**

**A field study in Ashti refugee camp in Sulaimani**

The main objective of the study is to become familiar with the (social, psychological, health, economic) problems of the elderly and to become familiar with the reasons for their stay in the refugee camps. The results of the study are presented in the light of the theories then analyzed. This research is a qualitative research to achieve its objectives relies on the (case study) method. The research community consists of elderly refugees after the ISIS war living in (Peace Camp) in Sulaimani, the number of them was (133) elderly, (45) males and (88) females, Then a sample of (30) people were taken from the elderly who were able to talk and tell their stories. The most important tools used to collect information in this study is (interview form). In the last chapter of the research, a set of results were reached.

## پێشەکی

جەنگی داعش لە هەرێمی کوردستان کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر چین و توێژە جیاوازەکان بەگشتی و بە سالآچووان بەتایبەت جێهێشتوە، ئەو جەنگە ناهاوسەنگ ونادادپەروەرانەیە بووە هۆی ئاوارەبوون وهەڵهاتنی بە سالآچووان لە شوێنی باوباپیران و مەنزڵگەی تایبەتی خۆیان و بە ناچاریی لە کەمپەکاندا نیشتەجێکران، سەرەڕای ئەوەش لە ژیانی ئاوارەیدا دور لە پاڵپشت و خزمەتگوزراری ژیان بەڕێدەکەن. لەلایەکی دیکەوە بوونی ڕێسا ویاسای تایبەتیەکانی کەمپەکە کەخۆی لەخۆیدا بۆ پاراستنی ئارامی، ئاسایش لە نێو کەمپەکە جێگیرکراوە، کۆمەڵێك ڕێگری لەبەردەمی ژیانی کۆمەڵایەتی و دەروونی بەساڵآچوودا دروست کردووە، هاوکات بڕی داهات و دەستکەوتی نێو کەمپەکە ئاستەنگی بژێوی بۆ ئەم چینە دروستکردووە، لەلایەکی دیکەوە بە هۆی بەرەوپێشەوەچوونی تەمەن و ئەو گۆرانکاریە فسیۆلۆجی و جەستەیانە کەلەو قۆناغەدا ڕوودەدات کۆمەڵێك کێشەی تەندروستی بۆ دروست کردون، لەگەڵ ئەوەشدا زەمینەسازی بۆ چارەسەر و خزمەتگوزارییە تەندروستیەکان لە بارنیە بۆ بەرێکردنی ئەو قۆناغە. هەموو ئەمانە کەلەسەرەوە باسکرا هۆکارن بۆ دەستەبەربوونی چەندەها کێشە و بەڕێکردنی کوالێتیەکی ژیانی ئاست نزم و دروستبوونی ئاستەنگی زۆر بۆ بەساڵآچووی ئاوارە لەکەمپی ئاشتی لە شاری سلێمانی.

ئەم تـوێژینەوەیە لە دوو لایەنـی سـەرەکی تیـۆری و مەیـدانی پێکـدێت، کەبەسـەر چـوار بەش دابەشکراوە. بەشی یەکەم لەچوارچێوەی گشتی توێژینەوەکەو پێناسـەکردنی چەمـك و خسـتنەڕووی توێژینەوەکانی پێشوو پێکدێت، هەروەها لە بەشی دووەمدا چوارچێوەی تیۆری قۆناغی بەساڵآچوون و تیۆرەکـانی جەنـگ و پاشـخانی مێـژووی داعـش، لەگەڵ شـیکردنەوەیەکی سۆسـیۆلۆجی بـۆ لێکەوتەکانی جەنگی داعش و کاریگەریی لەسـەر بەسـاڵآچووان خـراوەتەروو، لەبەشـی سێیەمیشـدا میتـۆدی تـوێژینەوەو هەنگـاوە مەیـدانییەکان لەخـۆ دەگرێـت، هەروەهـا لە بەشـی چـوارەمی توێژینەوەکەدا ئەنجامەکـانی تـوێژینەوەکە شـیکاری و شرۆڤەی بـۆ کـراوە، پاشـان هەر لەو بەشـەدا کۆمەڵێك ڕاسپاردەو پێشنیاز ئاراستەی لایەنی پەیوەندیدار و توێژەران کراوە بەمەبەسـتی چارەسـەری کێشەکانی بەساڵآچووان و باشبوونی بارودۆخی ژیانیان.

## بەشی یەکەم: چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە ودیاریکردنی چەمکەکان

### باسی یەکەم: چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە

**یەکەم: کێشـــەی تـوێژینەوەکە:-** کێشـــەکانی بەســاڵاچوو یەکـێکە لەو بابەتـانەی کە زانســتی کۆمەڵناسی گرنگی زۆری پێ دەدات، لەسەر ئەو بنەمایەی کە قۆنـاغی پیـری پرۆسـەیەکی بـایۆلۆژی حەتمیـیە و بەیەکێـك لە قۆناغەکـانی گەشـەکردنی مـرۆڤ دادەنرێـت. لەو قۆنـاغەدا بەهـۆی ئەو گۆرانکاریانەی کە لە رووی جەستەیی وتەندروسـتی ودەرونـی و کـۆمەڵایەتی وئـابوریەوە لە کەسـی بەسـاڵاچوودا ڕوودەدات، کۆمەڵێك کێشـە بـۆ خـودی بەسـاڵاچوەکە لەلایەك، لەلایەکـی دیکەشـەوە کۆمەڵێك کێشەو گرفت بۆ خێزان وئەنـدامانی خێـزان دروسـت دەکـات، واتە ئەرکـی خێـزان قورسـتر دەبێـت ئاسـتی گونجانـدنی کەسـی و کـۆمەڵایەتی بەسـاڵاچوو دادەبەزێـت، جـاگەر بەسـاڵاچووەکە لەمەنزڵگە و ماڵی خۆی هەڵکەندرابێت و ئاوارە بووبێت، بەهۆی هێرش و پەلاماردانی داعش بۆسـەر ناوچەکانی شەنگال وقەزا وناحیەکانی دەوروبەری موسڵ ئەوا هێنـدەی تـر بـارگرانی بـۆ بەسـاڵاچوو دروست دەبێت. سەرەڕای ئەوەی کەئاوارەبوونیان مانـای رزگاربونیـان بـووە، لە دەسـتی تونـدوتیژی وجەنگی نادادپەروەرانەی داعش، کە دەستیان بەسەر مولک و ماڵ وکـچ و هەمـوو شـتێکی خەڵکـی ناوچەکەدا گرت و یاد و یادەوەرییەکی تاڵ و بێزراویشی بۆ بەساڵاچوان جێهێشتووە، لەگەڵ ئەوەشدا ژیانی ئاوارەیی لە کەمپ و نەبوونی خزمەتگوزاری پێویسـت، نەبـوونی ئامرازەکـانی ژیـانی ئاسـایی کۆمەڵێك کێشەی بۆ بەساڵاچوو دروست کردووە. هەر بـۆیە ئەمە وای لە تـوێژەران کـرد بگەرێـن بە دوای وەڵامی ئەم پرسیارەدا کە: گرنگترین کێشەکانی بەساڵاچووی ئاوارە لە پاش جەنگی داعش لەنێو کەمپی ئاوارەکاندا چین ؟

**دووەم: گرنگـی تـوێژینەوەکە:-** گرنگـی ئەم تـوێژینەوەیە خـۆی لە گرنگـی تیـوری و مەیدانیـدا دەبینێتەوە کە بریتیین لەمانەی خوارەوە:-

١- گرنگـی ئەم تـوێژینەوەیە خـۆی لە نـاوازەیی تـوێژینەوەی زانسـتیدا سـەبارەت بەکێشـەکانی بەساڵاچووی ئاوارە لەپاش جەنگی داعش لەکەمپی ئاوارەکانی ئاشـتی دەبینێـتەوە. ئەم تـوێژینەوەیە لەلایەکەوە دەبێتە سـەرچاوەیەك بـۆ دەوڵەمەنـد کردنـی کتێبخـانەی کـوردی لەلایەکـی دیکەشـەوە هۆکارە بۆ بونیادنانی چەندین توێژینەوەی تـر لەلایەن تـوێژەرانەوە لەم بـوارەدا. لەلایەکـی دیـکەوە گرنگی ئەم توێژینەوەیە خۆی لە گەیاندنی پەیام و ئەدەبیاتی تیۆریدا دەبینێتەوە کەوەك پاڵپشتیەکن بۆ توێژینەوەکە.

٢- لەلایەنــی مەیدانیــدا تــوێژینەوەکە دەگــات بەچەنــد ئەنجــام و دەرئەنجــام و پێشــنیارو ڕاسپاردەیەك کەسـوودی دەبێـت بـۆ ئەو لایەنە حکـومی ونـاحکومی و نێـو دەوڵەتیـانەی گرنگـی بە چارەسەری کێشەکانی بەساڵاچوو دەدەن لە کەمپی ئاوارەکان.

**سـێیەم: ئامـانجی تـوێژینەوەکە:-** ئامـانجی سـەرەکی تـوێژینەوەکە ئاشـنابوونە بە کێشـەکانی بەساڵاچووی ئاوارەی دوای جەنگی داعش لەدیدی بەساڵاچووی نیشتەجێ لە کەمپی ئاشتی لە شـاری

سلێمانی بۆ ساڵی (٢٠٢٢-٢٠٢٣)، لەگەڵ چەند ئامانجێکی لقیدا کە بریتین لەمانەی خوارەوە:-
١- ئاشنابوون بە کێشە (کۆمەڵایەتی، دەروونی، تەندروستی، ئابوریی)ەکانی بەساڵاچووی ئاوارە.
٢- ئاشنابوون بە هۆکارەکانی مانەوەی بەساڵاچوو لە کەمپی ئاوارەکان.

**باسی دووەم: پێناسەکردنی چەمکەکان**

**یەکەم: بەساڵاچوو:-** بەساڵاچوو پێناسە دەکرێت بە کەسێك کە تەمەنی (٦٠) ساڵی تێپەڕاندبێت و لەکارەکەی خانەنشین بووبێت، یان بارودۆخی تەندروستی و عەقڵی بەرەو لاوازبوون ڕۆیشتبێت (عثمان،١٩٩٥: ٣١)، لەلایەکی دیکەوە بەساڵاچوو بریتییە لە تاکێك کە بەهۆی بەرەوپێشەوە چوونی تەمەن توانای خۆبەڕێوەبەری لەدەستداوە (السرحان، ١٤١٨: ١٦). هەروەها بریتییە لەو کەسەی گۆڕانکاری لە ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکانی و ئاراستە و دونیابینیدا ڕوویداوە (عبدالرزاق،٢٠١٦، ٣٢٧).

هاوکات بەساڵاچوو پێناسە دەکرێت بەو کەسەی تەمەنێکی درێژ ژیاوە، توانا و لێهاتوویەکی زۆر و جۆراوجۆری پەیدا کردووە، بەڵام بەهۆی دابەزینی ئاستی توانا جەستەییەکانی خانەنشین دەکرێت (chambers,1985: 401). هەروەها بەساڵاچوو بریتییە لەو قۆناغەی تەمەن کە کۆمەڵێك گۆڕانکاری جەستەیی و هەستەوەری و کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئابوری لەخۆدەگرێت، ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر چالاکیەکانی ژیانی ڕۆژانەی دەکات و چەندین گرفتی بۆ دەخوڵقێنێت (ربیع، ١٩٨٨: ٢٤).

بەساڵاچوو لەڕووی تەمەنەوە دابەش دەبێت بۆ قۆناغەکانی:

١- قۆناغی سەرەتای بەساڵاچوون (الكهل)، ئەم قۆناغە لەتەمەنی (٦٠-٧٥) ساڵی دایە و بەشداری چالاکی لە بوارە جیاوازەکانی ژیان دەکەن.

٢- قۆناغی ناوەندی بەساڵاچوون (الشيخ)، ئەم قۆناغە لە تەمەنی (٧٥-٨٥) ساڵیدایە، بەشداربوونیان لەچالاکییەکانی ژیان لاواز دەبێت و زۆرجار هۆگری ماڵەوە دەبن.

٣- دوا قۆناغی بەساڵاچوون (الهرم)، تەمەنیان سەروو (٨٥-١٠٠) ساڵە زۆرجار لەسەر جێگە دەمێننەوە (العزاوي و مروان، ٢٠١٤: ٩١-٩٢).

لە پێناسەی ڕێکاریدا بۆ بەساڵاچوو بریتییە لە ئەو تاکانەی کە تەمەنیان لە ٦٠ ساڵ و زیاترە، لەهەردوو ڕەگەز نێرو مێن بەهۆی لێکەوتەکانی جەنگی داعشەوە ئاوارەبوون و لە کەمپی ئاشتی لەشاری سلێمانی دەژین.

**دووەم: کێشەکانی بەساڵاچوو:-** بەتێپەڕبوونی کات و لەگەڵ هەڵکشانی تەمەن، بەساڵاچوو ڕووبەڕووی کۆمەڵێك گۆڕانکاری جەستەیی و هزری دەبێتەوە، کە سەرجەم ئەو گۆڕانکاریانە ڕێژەیین و لە کەسێکی بەساڵاچووەوە بۆ یەکێکی تر بەپێی تایبەتمەندییە جەستەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتی و ژینگەیەکان جیاوازە، گۆڕانکاریەکانیش بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەری لە سەر کەسی بەساڵاچوو دروست دەکات و ڕووبەڕووی کۆمەڵێك کێشەو گرفتی جەستەیی و کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئابوری دەکاتەوە، هەروەك لە خوارەوە گرنگترینیان دەخەینەڕوو:-

١- کێشەی تەندروستی:- بریتییە لەو کێشانەی بەهۆی بەرەو پێشەوەچونی تەمەن و کەم و

کورتی و گۆرانکاری یەکێك یان زیاتر لە کۆئەندامەکانی جەستەدا ڕوودەدات و کۆمەڵێك کێشە بۆ بەساڵاچوو دروست دەکات، لەوانە لاوازبوونی توانستە هزریەکانی بەساڵاچوو وەك لەدەستدانی بیرەوەریەکان و فێربوون، توشبوون بە سەرجەم نەخۆشیە هزریەکان کەبەهۆی پوکانەوەی خانەکانی مۆخەوە دروست دەبێت وەك (زەهایمەر) وسستبوونی فرمانەکانی چاوو لاواز بوونی هەستی بیستن و تام کردن (هەستەوەرەکان بە گشتی) و لاوازبوونی ئێسك و ماسولکەکان کەرێگری لە جوڵە و ڕێکی جەستەی دەکات (قەرەداغی، ٢٠٠٥: ٩٣)، (کاریت،٢٠٠٢: ٩٥). هاوکات بریتییە لە کێشەکانی گۆڕانی ڕەنگی قژ، وشك بوونەوەو دەرکەوتنی پەڵەی ڕەش لەسەر پێست، ئەمە سەرەڕای گۆرانکاری لە کۆئەندامی هەرس و میزەڕۆدا ئەبێتە هۆی کەم خۆری و توانای خۆکۆنترۆڵ کردنی بۆ میز کردن لەدەست دەدات (علوان، ٢٠٠٧: ٧٧)، هەروەها گۆرانکاری لە چالاکیەکانی کویرە ڕژێنەکاندا ڕوودەدات، دابەزینی پلەی گەرمی لەش بەهۆی کەمی جوڵەوە، لەگەڵ ئەمانەشدا ڕێژەی توشبوون بە فشاری خوێن و شەکرە بەرزدەبێتەوە، لاوازبوونی سێکسی، کەمبوونەوەی سیستەمی بەرگری لەش بەتەواووی بەرەو لاوازبوون دەڕوات کە بەرگری بۆ دژە تەنەکان نامێنێت (الفقی،٢٠٠٨: ٣٤-٣٧).

٢- کێشەی کۆمەڵایەتی:- بریتییە لەوکێشانەی بەهۆی گەشەکردن و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیرییەکانی کۆمەڵگاوە دروست دەبێت و کاریگەری نەرێنی لەسەر ئاستی خۆگونجاندنی کۆمەڵایەتی بەساڵاچوان دروست دەکات (أبوعوض، ٢٠٠٨: ١٠٤ -١٠٥).

هاوکات کێشەی کۆمەڵایەتی بەساڵاچوو، ئەو کێشانەن کەبەهۆی گۆڕانکارییە فرە ڕەهەندەکانی کۆمەڵگاوە کاریگەری نەرێنی لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دروست دەکەن، هەروەک بەهۆی لەدەستدانی کار و خانەنشین بوونەوە، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی لەگەڵ هاوڕێکانی لاواز دەبێت و زۆرترین کاتەکانی ژیانی بە بێ ئیشی و گۆشەگیری دەمێنێتەوە (الخطیب،٢٠٠٨: ٨٨-٩٠)؛ (سلیمان،٢٠٠٨: ٨٧). سەرەڕای هەموو ئەمانە هەندێك جار کەسی بەساڵاچوو ڕووبەڕووی کۆمەڵێك کێشەی کۆمەڵایەتی دیکە دەبێتەوە، بەتایبەتی خراپ مامەڵەکردن لەلایەن دەوروبەرەوە و فەرامۆشکردن و داڕنینیان لە بڕیارو خاوەنداریێتی، هەموو ئەمانەش لە بەهای بەساڵاچوو کەم دەکەنەوە و وادەکەن بەساڵاچوو بەبێ ئامانج و خواست بژین (بدر،٢٠٠٧: ١٢٤).

٣- کێشەی دەروونی:- بریتییە لەو کێشانەی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەکەوێتە ژێر کاریگەری کۆمەڵێك هۆکاری وەك (تەندرووستی جەستەیی، تەندروستی دەروونی، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو کەسە لە ڕابردوودا، ئاستی خوێندەواری، پەروەردە، پیشە، هاوسەرگیری، نەخۆشی، بەرکەوتن، دڵخۆشی، گەشبینی، زیان و دەستکەوتی ژیان، بەربەست،...هتد) کە پەیوەندییەکی ڕاستەوانەیان بە قۆناغەکانی ژیانی ئەو کەسەوە هەیە هەر لە قۆناغی منداڵییەوە تاکو دەگاتە تەمەنی پیری (حسن، فهمی،٢٠٠٠: ٦٤).

هاوکات کێشەی دەرونی بەساڵاچوو:- بریتییە لە کێشەکانی (بەئەستەم کۆنترۆڵکردنی توڕەیی و هەست و سۆز، زاڵبوونی سروشتی کەلەرەقی (عیناد)، ئاوێتەبوون بە خەون و خەیاڵ، گلەیی و بۆڵەی بەردەوام، ناڕازی بوون لە دۆخی تەندرووستی،سەرسام بوون بە ڕابردوو، لۆمە کردنی نەوەی نوێ (أبوعوض،٢٠٠٨: ١١٠). لە لایەکی دیکەوە کەسی بەساڵاچوو ڕووبەڕووی (گرێی دەروونی

)دەبێتەوەو بەردەوام هەست بەتەنیایی و گۆشەگیری دەکات، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ترس و دڵەڕاوکێ رۆڵی سەرەکی دەبینێ لە دەرکەوتنی کێشەی دەروونیی لای کەسی بەساڵاچوو، کە هەندێك جاریش دڵەڕاوکێ، خەمۆکی بەدوای خۆیدا دەهێنێت، ئەم دڵەراوکێیەش لای بەساڵاچوو لە چەند هۆکارێکەوە سەرچاوەی گرتووە لەوانە (خراپی تەندرووستی، خانەنشینی،مردنی هاوسەر، دوورکەوتنەوەی منداڵەکان،، تێڕوانی نادروستی خێزان و کۆمەڵگا، تەنیایی، ترس لە مردن) (الزبيدي،٢٠٠٩: ٣٠٧-٣٠٨).

٤- کێشەی ئابوری بەساڵاچوو:- یەکێکە لە گرنگترین ئەو کێشانەی رووبەڕووی بەساڵاچوو دەبێتەوە بەهۆی خانەنشین بوون، لاوازبوونی توانستی کارکردن، سنورداری سەرچاوەی مادیی، زیادبوونی تێچوو و پێویستی بەردەوام بە چاودێری و پشکنین و سەردانی پزیشك. لەلایەکی دیکەوە بەهۆی زۆری تەمەن و لاوازی جەستە و دۆخی تەندروستییانەوە توانای ئەوەیان نامێنێت کە جارێکی دیکە بگەڕێنەوە بۆ سەر کارو قەرەبووی کورتهێنانی داراییان بکەنەوە، ئەمە رەنگدانەوەیەکی توندو نەرێنی لەسەر بەساڵاچوو دروست دەکات، بەجۆرێك کە هەست بە ئارامی و دڵنیایی ئابووری خۆیان نەکەن و بەناچاری تێچووەکانی خۆیان کەم دەکەنەوە (الزبيدى،٢٠٠٩: ٩٥-٩٧).

پێناسەی ڕێکاری بۆ کێشەکانی بەساڵاچوو، بریتییە لە کێشە (کۆمەڵایەتی، دەروونی، تەندروستی، ئابوری) انەی لەگەڵ بەتەمەن چووندا دەردەکەوێت هەندێکی کەسییە پەیوەندی بەخوودی بەساڵاچوو هەیە، هەندێکی تریان کۆمەڵایەتی و ژینگەین، هەروەك ئەو کێشانەی بەهۆی کاریگەرییە نەرێنیەکانی جەنگی داعشەوە ڕووبەڕووی بەساڵاچووان بۆتەوە و هێندەی ترکێشە و بارگرانی بۆ دروستکردوون.

**سێیەم: ئاوارە:-** ئەوکەسەیە کە ماڵ یان وڵاتی خۆی بەناچاری جێهێشتووە، بەهۆی کارەساتی سروشتی یان بەهۆی جەنگ و ناسەقامگیری سیاسی و کۆمەڵایەتی یان ئاینی بەدوای شوێنی نیشتەجێبووندا دەگەڕێن، پاش نیشتەجێبوونیش ڕووبەڕووی کۆمەڵێك کێشەو گرفتی وەکو قەرەباڵغی،دەنگە دەنگ، بێ ئارامی، نەخۆشی دەبنەوە لەبەرئەوەی هەزاران خێزان لە شوێنێکدا ڕۆژانە ژیانێکی سەخت بەڕێدەکەن (Erin.m,2005;10). لە لایەکی دیکەوە ئاوارە ئەو کەسەیە کە خۆی لەناو هەلومەرجە بەجێماوەکاندا حەشارداووە و توانای گۆرانکاری و نوێگەرییان نیە و بە دورەپەرێزی و داخراوی دەمێننەوە (الشمري، ٢٠١١: ١١٥ ).

ئاوارە کەسێکە بەهۆی هۆکارێکی نەخوازراوی وەك جیاکاری (بیری سیاسی، ڕەگەزی، ئاینی، نەتەوەیی، یان ئەندامێتی هەندێك گروپی کۆمەڵایەتی) ئازار بدرێت و بەو هۆیەوە نەتوانێت لە شوێنی خۆی ژیان بەسەربەرێت ناچار بەرەو شوێنێکی سەقامگیر کۆچ دەکات و نایەوێت بگەڕێتەوە بۆ ناوچە و وڵاتەکەی خۆی (الشمري، ٢٠١٥: ٢٦). ئاوارە کەسێکی بێگانەییە لە وڵاتی وەرگر، کە بەهۆی ترس و لە پێناو پاراستنی سەروماڵو ئازادییەکانی پەنا بۆ ناوچەیەك یان وڵاتێکی دیکە دەبات (الشمرى، ٢٠١١: ١١٥).

لەکۆبەندی ئەو پێناسانەی سەرەوە پێناسی ڕێکاری بۆ چەمکی ئاوارە دەخەینەڕوو، ئاوارە

بریتییە لە کەسێکی بەساڵاچوو کە تەمەنی لەسەروو (٦٠)ساڵیەوەیە بەهۆی جەنگ و هێرش و پەلامارەکانی داعشەوە، ولەپێناو پاراستنی ژیان و پابەندبوون بە ناسنامەی خۆیەوە لە جێگەو مەئوای خۆیان هەڵکەندراون و بە ناچاری لە کەمپی ئاوارەکانی ئاشتی لە شاری سلێمانی ژیان دەگوزەرێنن.

**چوارەم: جەنگ:-** ململانێیەکی توندوتیژە لە نێوان دوو گروپی گەورە، کە تێیدا یەکێك لە گروپەکان هەوڵی لەناوبردن و سڕینەوەو سەرکەوتن بەسەر گروپی بەرامبەردا دەدات (احمد، جمیل، ٢٠١٩: ١١٠). وە هەروەها ساتە وەختێکی ترسناکە بۆ ئازادی، لە لایەکی دیکەوە جەنگ بازنەیەکی فراوانە لە نێوان وڵاتانی شارستانی و بەرژەوەندییە دژ بە یەکەکاندا دەقەومێت، هەروەها جەنگ لە دایکبووی ساتە وەختێکە مرۆڤ بەسەر گروپی نەتەوەی و ئابوری و ڕەگەزی جودادا دابەش بوون (العزیزی، مریط، ٢٠١٨: ٤٢).

وە ئەتوانرێ بوترێت کە جەنگ ڕووداوێکی کاتییە هەر کاتێك مەبەستی خۆی بەدیهێنا کۆتایی دێت، یان بریتییە لە پێکدادانێکی توند کەلە ئەنجامی ململانێی سیاسیەوە و بە بەکارهێنانی هێزی چەك و توندوتیژی ڕوودەدات (مونتجری، ٢٠٢١: ١٤). لەلایەکی دیکەوە جەنگ پێناسە دەکرێت بە کارتی فشار خستنەسەر دوژمن و ناچارکردنی بە جێبەجێکردنی فەرمانەکان (بدوی، ١٩٦٧: ٢٠٢)

پێناسەی ڕێکاری جەنگ، بریتییە لەو هێرش و پەلامارانەی کە ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش بە ناوی گێڕانەوەی خەلافەت و چەسپاندنی شەریعەتی ئیسلامی بۆ سەر خاکی عێراق و هەرێمی کوردستان کردویەتی،خەڵکی بێتاوان و بەسالاچووان لە قوربانیەکانی ئەو جەنگەن.

**پێنجەم: دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) isis:-** ڕێکخستنێکی چەکداری توندڕەوە و لەسەر بنەمای بیری سەلەفی جیهادی دامەزراوە، ئەندام و کادیرەکانی لەسەر پەروەردە و گۆش دەکات، دروشمەکەی گێڕانەوەی خەلافەت و چەسپاندی شەریعەتە (الهاشمی، ٢٠١٥: ٧).

کۆمەڵێکی جیهادی سوونی مەزهەب و لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژیایەکی توندڕەو دامەزراوە،بەخۆیان دەڵێن خەلافەت و داوا لەهەموو موسڵمانێك دەکەن گوێڕایەڵیان بن (احمد، جمیل، ٢٠١٩: ١١١).

لە پێناسەی ڕێکاری داعشدا گروپێکی توندڕەوە، لە ڕێکەوتی (٦/٢٩/ ٢٠١٤) لەژێرناونیشانی (دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراق و شام) دامەزرا، بەئامانجی هەڵوەشانەوەی پرۆسەی سیاسی و دیموکراتی لە عێراق،هەستان بەهێرشکردنە سەر شارەکانی وەك (فەلووجە، رومادی لە پارێزگای ئەنبار، موسڵ، تەلعفەر، شنگال، ڕەبیعە، حەویجە، بێجی، ئامرلی، تکریت، کەرکوك)، چەندین تاوانی نامرۆڤانەیان لە دژی هێزە چەکدارییەکان وهاوڵاتی بێتاوان بەگشتی و بەساڵاچوو بەتایبەت لەو ناوچانە ئەنجامداوە.

## بەشی دووەم: چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە

### باسی یەکەم: چوارچێوەی تیۆریی تایبەت بە بەساڵاچوو وجەنگ

### یەکەم: تیۆری تایبەت بە قۆناغی بەساڵاچوو و کێشەکانی:-

١- **تیۆری پچرانی پەیوەندی (فك الارتباط )**:- ئەم تیۆرە دەگەڕێتەوە بۆ کمنج و هـنری، ئەم تیۆرە پێی وایە چالاکی یە دەروونـی و کۆمەڵایەتییەکانیان ڕوو لە کەمبوونەوە دەکەن و ڕۆڵەکان لەناوەڕاستی تەمەن و لەگەڵ بەرەوپیشچوونی تەمەندا کەم دەبێتەوە. کمنج و هـنری پێیان وایە کە پاشەکشێی بەساڵاچوو کاتێك دەردەکەوێت کە خـۆی بەراوورد دەکـات بەو کەسانەی تەمەنیان لەو کەمترە و تێبینی ئەوە دەکات کە ئەوان پۆزەتیڤترو چالاك ترن و جوڵەیان زیاترە و هەست دەکات کە پەیوەست بونی خۆی لەدەست دا بەرەوە پاشەکشێ دەچێت، لەهەمان کاتـدا کـۆمەڵگە وردە وردە لەئەرکەکانی دەیبەخشێت (بدرە،٢٠١٤: ١٨).

٢-**تیۆری قەیران (نظریە الازمە)**:- لەم تیۆرەدا ئەریکسون پێی وایە بەساڵاچوو توشـی قەیرانـی کامڵ بوون دەبێت بەرامبەر بێ هیـوایی، ئەمە قەیـرانێکە بە سـاڵاچوو هەسـتی پـێ دەکـات، ئەگەر کردارەکـانی پێشـووتری خۆشـگوزەرانی ودەسـتکەوتی تێـدا بـوو ئەوە ئەم قۆنـاغە بەسـەرکەوتن و بەکامڵبوون و بەڕەزامەندی تێدەپەڕێت، ارکسون ناوی (دانایی) لەم قۆناغە نا، بەڵام ئەگەر ڕابردووی بەساڵاچووەکە پڕبوو لەتێکشاندن و بێهیوابوون ئەوکات هەست دەکـات کەکـاتی نەمـاوە بـۆ ئەوەی سەرلەنوێ دەست بکاتەوە بە کارکردن بـۆ خۆشـگوزەرانی ژیـان پاشـان تووشـی بـێ هیـواییەکی زۆر دەبێت (بدرە،٢٠١٤: ١٨ ).

ئەرکسۆن ئەم قۆنـاغەی شـیکردەوە بەوەی کەبەسـاڵاچوو ڕووبەڕووی کیشـەیەکی زۆر دەبێـت، وەکو مردنی هاوسەر یان هاوڕێ یان خانەنشین بـوونی و تەنهـا پێـداچوونەوەی بـۆ دەمێنێـتەوە بـۆ ڕابردووی خۆی، ململانێی نێوان کامڵبوون و بێ هیوایی پشـت دەبەسـتێت بەچـۆنییەتی سـەیرکردنی بەساڵاچووەکە بۆ ڕابردووی خۆی، ئەوانەی کەخۆیان بەبەرهەمهێن دەبینن تووشی شڵەشاژان نابن، و ئەگەن بەقۆنـاغی ڕەزامەنـدی، مـردن بەبەشـێك لەپرۆسـەی ژیـان دەبیـنن، بەڵام شکسـتهێنان لەبە دەستهێنانی کامڵبوون دەبێتە هۆی بێ هیوایی بەساڵاچووەکە (بدرە،٢٠١٤: ١٨ ).

٣-**تیۆری شێوازی ژیان (نظریە أسلوب الحیاە)**:- ناوی تیۆری کەسێتی و شێوازی ژیان یان تیۆری چالاك ی لێدەنرێت، گرنگی دەدات بەگونجاندنی بەساڵاچوو، ئەگەر بەساڵاچوو پێشتر ژیانێکی چالاك و ئاکتیڤیان بووبێت ئەوە ئەبێتە هۆی تێپەڕبوونی قۆناغی بەساڵاچوونی بەشـێوازێکی سـەرکەوتوو و بەردەوامی لەچالاکییەکان و دووبارە خۆگونجاندن، بەم شێوەیە دوو ئامانج بەدیدەهێنێت:-

أ. ئامانجی مەعنەوی:- کەخۆی دەبینێتەوە لەبەردەوام بوون لەچالاکی و ناکەوێتە نێو بوونی کاتێکی زۆر بێ سوود.

ب. ئامانجی ماددی:- چالاکی نوێی تاك لەوانەیە ببێتە هۆی سەرچاوەیەکی نوێی داهات.

واتە بەردەوامبوونی پەیوەنـدی تـاك بەکۆمەڵگـاکە دەبینرێـت و بەسـاڵاچووش هەسـت دەکـات هێشتا وەکو ئەندامانی خێزان پێویستییان پێیەتی (بدرە،٢٠١٤: ١٩).

تیۆرەکان وێنای جیاواز هەڵـدەگرن بـۆ شـیکردنەوەی قۆنـاغی بەسـاڵاچوون، بە گشـتی جەخـت

دەکەنە سەر پرۆسەی بەرەوپێشچوونی تەمەن وکەم بونی چالاکی وتواناکان وپەیوەندییەکانی بەساڵاچوو،کە دەبێتە هۆی دروست بونی گۆڕانکاری لە شێوازی ژیانی بەساڵاچوو ودورکەوتنی بەساڵاچوو لە ژیانی کۆمەڵایەتی پێشووتری کە لەسەری ڕاهاتبوو بەهۆی پێشبینی کردنی بەساڵاچووەکە کە نزیکی مردن بۆتەوە وئەمە دەبێتە هۆی تیکچوونی پەیوەندیە کۆمەلاییەتیەکانی، لە تیۆری شێوازی ژیاندا ئەگەر ئەو بەساڵاچووەی پێشتر ژیانێکی ئاسوودەی هەبوبێت ئەوە باشتر دەتوانێت لە کەمپی ئاشتی بە ئاسوودەی بژی، بەڵام ئەمە ئەستەمە چونکە ژیانی نێو کەمپەکە ئەوەنە ئاسان نیە بۆ ئەوەی بەساڵاچوو بتوانێت ئەم قۆناغەی ژیانی بە باشی بەسەربەریت، قورسی شێوازی ژیان لە کەمپی ئاوارەکانی ئاشتی ئاستەنگ وبەربەستی زیاتری خستۆتە بەردەم بەساڵاچوو هەوەك لە لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە پێی دەگەین.

**دووەم: چوارچێوەی تیۆری جەنگ**

**١- تیۆری کۆمەڵناسی:** زانای ئەمریکی صامویل هینتگتۆن (١٩٢٧-٢٠٠٨) باسی لە ململانێ وجەنگ کردووە،ئەو پێی وایە سەرچاوەی سەرەکی جەنگ لەجیهانی نوێدا تەنها پەیوەست نیە بە لایەنی ئایدۆلۆژی وئابوری،بەڵکو لایەنی کلتوری وئاینیش کاریگەرییان لەسەر جەنگ و دابەش بوونی رەگەزی مرۆڤایەتیش دەبێت (عبداللە،٢٠١٩: ١٧٨). لەم تیۆرەدا سیاسەتی نێودەوڵەتی جۆرێکی تازە لە ململانێ بەخۆوە دەبینێ،ئەویش ململانێی کلتوری یان شارستانیە (هنتجتون،١٩٩٥: ١٧). زۆرینەی ململانێکان بەشێوازێکی بەرچاو جەخت دەکەنە سەر (کلتور،ناسنامە،ئایین،زمان، مێژوو،داب ونەریت) (هنتجتون،١٩٩٥: ٧٤).

هینتگتۆن پێی وایە سنورەکانی ئیسلام سنورێکی خوێناویە وپڕە لە ململانێ وجەنگ. هەروەها ململانێی نێوان موسڵمان وخەڵکانی دیکە،توندوتیژترین جۆری ململانێیە، پێشی وایە کە موسڵمانەکان پەیوەندییەکی توندوتیژ و دڕندانەیان هەیە لەسەر هێڵی چواردەوری ئیسلام، کێشەیان لە ژیانی کردن بەئاشتەوایی هەیە (هنتجتون،،١٩٩٥ :٤٤٠).

لەکۆتایدا هنتگتۆن پێی وایە کە وولاتە خاوەن کلتورە هاوبەشەکان لەیەکتر نزیك دەکەونەوە، وولاتە خاوەن کلتورە جیاوازەکان لەیەکتر دووردەکەونەوە، هەروەها لە داهاتودا شارستانی ئیسلامی هاوپەیمانی دەبەستێت لەگەڵ شارستانیەتی چینیدا، هەرچەندە ئەو دوو شارستانییەتە جیاوازن لەیەکتر بەڵام خاڵی هاوبەشیان هەیە ئەویش (ڕۆژئاوا دوژمنی هەردووکیانە) (هنتجتون،١٩٩٥: ٣٣٦).

ئەوەی هنتگتۆنیش ئاماژەی پێ دەدات، کە ئەستەمە لەکۆمەڵگای ئیسلامیدا ئاشتەوایی بەدیبیت، بەهۆی دەمارگیری وتوندوتیژی وخراپەکاری ئیسلامەوە، دەگونجێت بەسەر داعشدا بچەسپێ، چونکە ئەو کردەوە خراپەکاریانەی کە بەناوی ئیسلامی لەکۆمەڵگەی عێراقیدا ئەنجامیانداوە،تیۆرەکەی هینتگتۆن دەسەلمێنێت.

٢- **تیۆری دەروونناسی:** سیگمۆند فرۆید گەورە زانای نەمساوی کە بەرابەری تیۆری دەروونناسی دادەنرێت باسی لە جەنگ کردووە، بەجەنگ ئەڵێ ئارەزووی تاك بۆ تێکشاندن، فرۆید پێی وابوو کە مرۆڤ تەنها ڕێگە بۆ پڕکردنەوەی ئارەزووەکانی جەنگ و ململانێیە، بەهەمان شێوە زانا (کیند وَلتەر)

پێی وایە جەنگ بەهۆی پاڵنەری خۆپەرستەکانی مرۆڤ ڕوو دەدات و دەڵێت " جەنگ بەرهەمی خۆپەرستی مرۆڤە"، وە هۆکارەکانی دیکە بەهۆکاری لاوەکی دادەنرێت (حتي، ١٩٨٥ :٣١٠).

هەندێك زانای دەروونناسی پێیان وایە کە ڕەفتاری توونـدوتیژ بەهـۆی تێکشـاندنی تـاك ڕوودەدات، هەروەك (جون دولەر) دەڵێت، جەنگ بەرهەمی تێکشکاندنە، جۆن دولەر پێی وایە کە تێکشکاندن پشێویەکە لە ڕەفتاری تاك ڕوو دەدات بەهۆی بەدی نەهێنانی ئامانجەکانی تاك (حتي،١٩٨٥: ٣١٠).

لەلایەکی تریشەوە هەندێ زانای دەروونناسی گرێیەستێك دەکەن لەنێوان بیروباوەڕە نەتەوەییەکان لەگەڵ دیاردەی جەنگ، کە بەهۆی وێنایەکی نەگەتیڤ بەرامبەر ئاراستەکانی لایەنەکانی دیکە وێنای زەینی بۆنموونە زانا (کینیپ بیلدینگ) پێی وایە کە ڕەفتاری دامەزراوە رامیارییە ئاڵۆزەکان لەڕێگەی چەند بڕیارێك دیاری دەکرێت کەلەوانەیە ئەو بڕیارانە لە زەینی خاوەن بڕیارەکە بووبێت کە گوزارشت ئەکات لەو وێنایەی کە بەهۆی کۆمەڵێك زانیاری پێشتر کۆی کردبێتەوە (حتي، ١٩٨٥: ٣١٠ ).

واتە دەکرێت لێرەدا بڵێین کە وا داعش وێنایەکی دیاری کراویان بۆ دروست بووە لەسەر حکومەت وخەڵکی عێراقی ولەرێگەی پارێزگاری کردن لەسەر وێنایە لەزەینی هەریەك لە داعشیەکان ئەبێتە هۆی دروست بوونی هەستی ڕق وتوندوتیژی بەرامبەر حکومەت وخەڵکی ئەم میللەتە کە لە کۆتاییدا بە جەنگ گوزارشتیان لێ کرد.

### باسی دووەم: کاریگەری جەنگی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق وشام (داعش) لەسەر بەساڵاچوان

### یەکەم: پاشخانی مێژووی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش)

ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام بە کورتکراوەیی بە (داعش) ناسراوە، ڕێکخراوێکی چەکدارییە پەیڕەوەی بیری سەلەفی جیهادی دەکات و ئامانجی ئەندامانی بە پێی باوەڕیان گێڕانەوەی خەلافەتی ئیسلامی و جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلامییە، داعش دەیەوێت بەرنامە و بیروباوەڕی پێغەمبەر و ئەسحابەکان نوێ بکاتەوە و ئەوان چۆن ژیاون وباوەڕیان بەچی هەبووە، بەهەمان شێواز بژین لەو سەردەمەدا هیچ مەزرارگا و شوێنی پیرۆز نەبووە جگەلە مەککە هەربۆیە هەر مەزراگا و مەرقەدێك بە شەریك دەزانن و لەلایان تاوانێکی کوفرییە، ئەندام و جەماوەریان بە شێوەیەکی فەرمی لە عێراق و سوریایە لەگەڵ ناوچەکانی تری وەك لە باشوری یەمەن، لیبیا، سۆماڵ، باشوری خۆرهەڵاتی نایجریا، پاکستان هەیە (نادر، ٢٠١٦: ١٢).

سەرەتای دامەزراندی ڕێکخراوەکە بۆ دوای داگیرکردنی عێراق لەلایەن هێزەکانی سوپای ئەمەریکا و هاوپەیمانان دەگەڕێتەوە، لەم قۆناغەدا بەسود وەرگرتن لە هەست و سۆزی گەنجانی سونە مەزهەب بەناوی جیهاد و بەرەنگاری هێزەکانی داگیرکەرەوە، لەساڵی ٢٠٠٤ (ئەبو موسعەب زەرقاوی) ڕێکخراوێکی بەناوی (التوحید و الجهاد) ی لە عێراق دامەزراند، کەوتە ئەنجامدانی کردەوەی توندوتیژی و تەقینەوە لە دژی ئەو هێزانە و هاوڵاتیانی مەدەنی بە تایبەتی شیعە مەزهەبەکانی عێراق دوای بەیعەت پێدانی ناوبراو بە (ئوسامە بن لادن) ی سەرۆکی ڕێکخراوی

قاعیدە ناوەکەی خۆی گۆری بە (قاعده الجهاد فی بلاد الرافدین) کە هەمان ئامانجی پێشووی هەبوو (الهاشمی، ٢٠١٥: ٤٣) ؛ (ئەحمەد، ٢٠١٦: ١٤٩).

لە ساڵی ٢٠٠٦ لە ناوچەی (هەب هەب) ی نزیك بە شاری دیاله بە بۆردومانی ئاسمانی (زەرقاوی) لەلایەن سوپای ئەمەریکاوە لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا کوژران، پاشان (ابو حمزه المهاجر) بوو بە ئەمیری ڕێکخراوی (قاعیدە) لە عێراق، دواتر (ابو عمر البغدادی) ناوی ڕێکخراوەکەی گۆری بە (دوله العراق الاسلامیه) و خۆشی وەك خەلیفەی ئەو دەوڵەتە ناساند، دواتر لە بۆردومانی هێزەکانی ئەمەریکا لە ساڵی (٢٠١٠) هەردوو ناوبراو کوژران، لە دوای ئەو ڕووداوە (ئیبراهیم عەبدول مۆمین بەدری) کەبە (أبوبکر بغدادی)* ناسراوە بە سەرۆکی گشتی ڕێکخراوەکە دەستنیشانکرا (الهاشمی، ٢٠١٥: ٤٣).

لەدوای شەڕی ناوخۆی سوریا و هێرشی هێزەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانان بۆ سەر ڕژێمی (بەشار ئەسەد) لە کۆتایی ساڵی ٢٠١١ دا ڕێکخراوێکی هاوشێوەی قاعیدە بە ناوی (جبهه النصره) بە سەرکردایەتی (ابو محمد الجولانی) دامەزرا، ناوبراو بەیعەتی بە (ئەیمەن زوهیری) جێگرەوەی (بنلادن) دا لە دوای کوژرانی ناوبراو، هەروەها ئەم ڕێکخراوە پەیوەندی لەگەڵ (دوله العراق الاسلامیه) (ابوبکر بەغدادی) دا هەبووە، ئەوەبوو لە ڕۆژی (٤/٩/ ٢٠١٣) لە تۆمارێکی دەنگیدا (بەغدادی) یەکگرتنی هەردوو ڕێکخراوەکەی ڕاگەیاند لە ژێر ناوی (الدوله الاسلامیه فی العراق و الشام) (ئەحمەد، ٢٠١٦: ١٤٩). لەگەڵ دەرکەوتنی داعش وەك گروپێکی چەکدار لە چەند ناوچەیەکی جیاجیای سوریا و دواتر عێراقدا جگەلە چەکە تقلیدیەکان، ڕاگەیاندن چەکێکی دیکەبووە کە بە شێوەیەکی پرۆفیشناڵانە و بە سود وەرگرتن لە هەموو تێزەکانی پەیوەست بە جەنگی دەروونی و پڕوپاگەندە بۆ سەرخستنی ئەجندای سیاسی خۆی و ڕاکێشانی سەرنجی دنیا بەلای خۆیدا سودی لێوەرگرتووە (ابو رمان، ٢٠٢١: ٢٩).

دوای دروستبوونی گرژیەکان لە ٣١ ی کانونی یەکەمی ٢٠١٣ سوپای عێراق لە چەند ناوچەیەکی ئەنبار کشایەوە، دوابەدوای ئەوە ڕێکخراوی داعش هەستا بەهێرشکردنە سەر شارەکانی وەك (فەلووجە، رومادی لە پارێزگای ئەنبار، موسڵ، تەلعفەر، شنگال، ڕەبیعە، حەویجە، بێجی، ئامرلی، تکریت، کەرکوك) (ئەحمەد، ٢٠١٦: ١٤٩).

لە ڕۆژی (١٠/٦/ ٢٠١٤) داعش شاری موسڵ و دەوروبەری داگیر کردو ناوچەیەکی بەرفراوانی کۆنترۆڵ کرد، پاشان لە رۆژی هەینی ٢٠١٤/٧/٥ (ئەبوبەکر بەغدادی) لە مزگەوتی گەورەی شاری موسڵا وتارێکی خوێندەوەو خۆی وەك (خەلیفەی دەوڵەتی ئیسلامی)ناساند (الهاشمی، ٢٠١٥: ٤٣).

ئەم روداوانەش بووە هۆی سەرهەڵدانی قۆناغێکی نوێی مەترسیدار لەمێژووی ناوچەکەدا، چەندین تاوانی نامرۆڤانەیان لە دژی هاوڵاتی بێتاوان و هێزە چەکدارییەکان لەو ناوچانە ئەنجامداوە،

* بغدادی لە ١٩٧١ لە شاری سامەرای عێراق لە خێزانێکی ئاینی لە دایك بووە لە سەردەمی ڕژێمی بەعسدا ئیمامی مزگەوتی (ئەحمد کوڕی حەنبەل) بووە لە سامەرا، هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرایە لە زانستە ئیسلامیەکان و مامۆستای زانکۆی تکریت بووە (ئەحمەد، ٢٠١٦: ١٥٠).

هەر لە ڕفاندن، سوتاندن، سەربڕین، کوشتنی بە کۆمەڵ، دەستدرێژی کردنە سەر نـاموس و بە کـۆیلە کردنی سێکسی، وێرانکردنی شوێنەوارە دێرین و کلتورییەکان و پەکخستنی خزمەتگوزاریە گشتیەکان (ابو رمان، ٢٠٢١: ١٠٣-١٠٧).

ڕێکخراوی داعش بۆماوەی (٣) ساڵ حوکمی موسڵ و ئەنبار و هەندێك ناوچەی تری عێراقی کرد و لە کۆتایی سـاڵی ٢٠١٧ دا حکـومەتی عێـراق بەهاوکـاری هێـزی هاوپەیمانـان و هێـزی پێشـمەرگە توانیان بەسەر داعشدا سەربکەون و لەسەرجەم ئەو ناوچانە ڕایانبماڵن.

## دووەم :شیکردنەوەیەکی سۆسیۆلۆجی بۆ لێکەوتەکـانی جەنگـی داعـش و کـاریگەریی لەسـەر بەساڵاچووان

یەکێك لە سیماکانی ڕێکخراوی داعش، بریتییە لە ئەنجامدانی توندوتیژی جەستەیی و هزری لە دژی نەیارەکانیان، بە مەبەستی لەناوبردن و پاکتاوکرنیان، ئەمەش لەو راستییەوە سەرچاوەی گرتووە، کە ئەم ڕێکخراوە خاوەنی هزرو تێڕوانینێکی پەڕگیرو توندڕەوی (ئاینی، ڕەگەزی، سیاسی، کۆمەڵایەتی)ەو پەیڕەوی لە بیرکردنەوەی (ئێمە و ئەوان) دەکات، واتە تێڕوانینیان بۆ جیهان و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەجۆرێکە کە هەرکەسێك لەگەڵا ئەوان نەبێت بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەزو ئاین و تەمەن، دژو دوژمنیانەو لەناوی دەبەن (الحیدری، ٢٠١٥: ٢٠).

زۆربەی ئەو ناوچـانەی کەلەلایەن هێزەکـانی داعشـەوە کـۆنترۆڵ کرابـوون ڕووبەڕوی کوشـتن و راوەدوونـان و ئـاوارەیی بـوونەوە، بەتـایبەتیش پێکهـاتە ئـاینیە مەسـیحی و ئێزدییەکـان ڕووبەڕوی دۆخێکی سەخت و دژوار بوونەوەو بەزۆر ناچارکران کە واز لە ئـاینەکەی خۆیـان بێـنن، ئەوانەشـیان کەلە زیندان و بەکۆیلەگرتن و کوشـتن ڕزگاریـان بـوو، ناچـاربوون بەرەو ناوچەکـانی ژێـر دەسـەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵبێن و لە کەمپەکاندا ژیانی ئاوارەیی بەسەربەرن (ئەحـمەد،٢٠١٦: ١٤٨).

پێویستە ئەو راسـتیانەش بخـرێنەڕوو کە لەپـێش دەرکەوتنـی داعـش، بەهـۆی شـەڕی نـاوخۆ و مەزهەبی عێراق و دەرکەوتنـی گـروپە پەڕگیرەکـانەوە، زیـاتر لە (٧٥٩٠٠٠)کەس ئـاوارەبوون، بەپێـی راپۆرتی نەتەوە یەکگرتوەکانیش دوای دەرکەوتنی داعش و پەلامارە توندوتیژییەکانی بۆ سەر (شیعەو مەسیحی و ئێزدی )ەکان، ژمارەی ئاوارە ناوخۆییەکـان گەیشـتوەتە (٣٢٠٠٠٠٠)کەس، لەو ژمـارەیەش (٩٠٠٠) یـان بەسـاڵاچوون و زۆربەیـان لە هەرێمـی کوردسـتان و نـاوچە ئـارام و سـەقامگیرەکاندا نیشتەجێکراون (سعید، ٢٠١٩: ١٨٣-١٨٤).

دوای ئەوەی داعـش ئاڕاسـتەی هێـرش و پەرلامارەکانیـان بەرەو هەرێمـی کوردسـتان و نـاوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم گۆڕی، لە (٣ی ئابی ٢٠١٤)، توانییـان دەسـت بەسـەر ناوچەکـانی (شەنگار و زومـار)دابگرن و کارەسـاتی مرۆیـی لەو ناوچـانەدا ئەنجـام بـدەن (زەنـگەنە، ٢٠١٧، ٢٧)، چونکە لە دیدی ئەواندا ئێزدییەکان کافرن و کوشتنیان ئەرکی ئاینییەو غەزایە، هەربـۆیە لەسـەرەتای هێرشەکانیانەوە نزیکەی (٥٠٠،٠٠٠) کەسـیان ئـاوارە بـوون و (٥٠٠٠) کەسیشـیان کـوژران، هاوکـات بەپێـی زانیاریەکـانی بەڕێـوەبەرایەتی کاروبـاری ئێزدییەکـان، لەچوارچێـوەی پەلامارەکـانی داعشـدا

(٦٤١٣)كەس لە ئێزدییەكان رفێنراون، كە (٣٥٤٤) كەسیان لە رەگەزی مێینەبوون، (٢٨٦٩) لەرەگەزی نێربوون هەروەها ئاوارەبوونی (٣٦٠) هەزار كەس بە نزیكەیی، شەهید كردنی ١٢٩٣ كەس، دروستكردنی دەیان گۆڕی بە كۆمەڵ بۆ كوردانی ئێزیدی، تەقاندنەوەی ٦٨ مەزارو پەرستگەی ئاینی كوردانی ئێزیدی (زەنگەنە، ٢٠١٧: ٢٩- ٣٠).

هاوكات لەگەڵ ئێزیدیەكاندا پێكهاتە ئاینی و مەزهەبییەكانی تری وەك (مەسیحی، كاكەیی، شیعە)، كە لە پەلامارەكانی چەكدارانی داعش بە زیندوویی دەستگیركران، لە ژێر كاریگەری ئەشكەنجەدان و هەڕەشەی كوشتندا، ناچار كران دەستبەرداری ئاینەكەی خۆیان بن و ئاینی ئیسلام و ئاینزای سونەیان بەسەردا بسەپێنن، ئەوەی جێگەی سەرنجە توێژی بەساڵاچووان رووبەڕوی بارودۆخێكی سەخت بوونەوەو زۆرینەیان بەهۆی پارێزگاری و پابەندبونیان بە ئاینەكەی خۆیانەوەو قبوڵا نەكردنی ئاینی ئیسلامەوە، لەلایەن چەكدارەكانی داعشەوە ڕووبەڕووی ئەشكەنجەو توندوتیژی بوونەوە (الحسین، ٢٠١٤: ١٧-٢٠)، هەموو ئەمانەش لەبەر رۆشنایی بڕیاری ژمارە (٢٦٠) كۆمەڵەی گشتی رێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان لە ساڵی ١٩٤٨ و دادگای تاوانكاری نێودەوڵەتی لە لاهای، بە كردەیەكی جینۆساید ئەژماردەكرێن (حسێن، ٢٠١٦: ١٣١-١٣٢).

هاوكات بەپێی راپۆرتێكی رێكخراوی نەتەوەیەكگرتووەكان لە ٢ی تشرینی یەكەمی ٢٠١٤دا بڵاو كراوەتەوە، زۆرینەی كچ و ژنانی ئێزدی و مەسیحی روبەڕووی دەستدرێژی سێكسی بونەتەوەو وەك كاڵا مامەڵەی كڕین و فرۆشتنیان پێوە كراوە، بەتایبەتی كچ و ژنانی ئێزدی وەك كەنیزەك و كۆیلە مامەڵەیان پێوەكراوەو بەپێی تەمەن نرخیان لەسەرداناون (الامم المتحده، ٢٠٢٠). هاوشێوەی ژنان و توێژی بەساڵاچوو، منداڵانیش یەكێكی دیكەن لەو توێژانەی كە لەڕووی جەستەیی و دەروونییەوە بونەتە قوربانی هەڵمەتەكانی داعش، چونكە جگەلەوەی لەزۆربەی مەرگەسات و رەوشە دژوارەكاندا هەمان چارەنوسی كەس و كارو خێزانەكانیان هەبووە، لەهەمانكاتدا ژمارەیەكی زۆر لە منداڵانی مەسیحی و ئێزدییەكان بۆ خزمەتی داعش خراونەتە بەرپەروەردەی سەربازی و بۆ كردەوە چەكدارییەكان بەكارهێنراون كە تەمەنیان لە نێوان (٨-٩)ساڵیدابوون، كە بێگومان هەموو ئەمانەش لە لایەن رێكخراوی تاوانكاری نێودەوڵەتییەوە بە تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی ئەژماركراوە كە بریتین لە (كوشتن، ئەشكەنجەدان، بەكۆیلە كردن، راگواستنی بەزۆر، ڕفاندن، دەستدرێژی سێكسی، بەكارهێنانی منداڵان..) (حسێن، ٢٠١٦: ١٣١-١٣٢).

لەبەررۆشنایی هەموو ئەوانەی كە خرایەڕوو وە بەسەرنجدانێكی گشتی بۆ رەفتارو هزری داعش، دەگەینە ئەو بڕوایەی كە توێژی بەساڵاچوو بە راستەوخۆ یاخود ناڕاستەوخۆ شوێنەوارو كاریگەری پشێوی و ئاڵۆزییەكانیان پێوەدیارە، چونكە بەساڵاچوو خاوەنی كەسێتییەكی هەستیارن بەرامبەر بە قەیران و ئاڵۆزییەكان، هەروەك ئاشكرایە زۆربەی تاوانەكانی داعش بەبەرچاوی ئەمانەوە ئەنجامدراوەو قوربانییەكانی ئەوجەنگە كوڕو كچ و هاوسەرو نەوەی ئەوان بوون، بینین و هەستكردن بەو كارەساتە تراژیدییە خەمناكانە، یاد و یادەوەرییەكی تاڵی لە دڵ و دەروونیاندا جێهێشتووە كە سەرەنجام بەرەو بێهیوایی ودەرەپەرێزی چوون.

لە لایەكی دیكەوە ئەو توندوتیژییانەی داعش بەناوی ئاینەوە ئەنجامیداوە راستەوخۆ كاریگەری

لەسەر ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی دروست کردووە، تاڕادەیەك نیگەرانی و دڕدۆنگی لەنێو پێکهاتە ئاینییەکانی وەك (مەسیحی و ئێزدی) لە لایەك و موسڵمان لەلایەکی دیکەوە درووست کردووە، بەتایبەتیش ئەم دیاردەیە لەنێو توێژی بەساڵاچواندا زیاتر هەستی پێدەکرێت، چونکە ئەوان زیاتر بۆ ئاینەکەیان دەمارگیرترن بە بەراورد بە گەنج و تازە پێگەیشتوان، هەروەها لەماوەی ژیانی ئاوەرەیدا بەهۆی بەرکەوتەی ژیانی ڕۆژانەیان و دروستبوونی قەیران و کەمبوونەوەی دەرفەتی کار و بەرزبوونەوەی نرخی کرێ خانوو، هاوکات تێکەڵبوونی کلتوری بووەتەهۆی بێزاری هاوڵاتیانی خانەخوێ کە بێگومان ئەمەش کاریگەری لەسەر متمانە و پەیوەنییە کۆمەڵایەتیەکانی نێوان بەساڵاچووان و تاکەکانی کۆمەڵگەی خانەخوێ دروست دەکات (عەبدوڵلا، ٢٠١٦،https://gulanmedia.com)، ماڵ وێرانی ودەربەدەریی و ئاوارەبوون و وەك لێکەوتەیەکی دیکەی جەنگی داعش کاریگەری نەرێنی لەسەر ژیانی بەساڵاچوو درووست کردووە و بووەتە ڕێگرو بەربەست لەبەردەم تێرکردنی پێداویستییە ماددی و مەعنەوییەکان، ئەمیش لەسەر ئەو بنەمایەی کە یەکێك لە پێویستیە سەرەکیەکانی بەساڵاچوو هەستکردنە بە سەقامگیری و ئارامی و گەیشتنە بە قۆناغی حەوانەوە و پاڵپشتی کۆمەڵایەتی و پێبەستبوون و پەیوەندی کۆمەڵایەتی (مزید، ٢٠١٩: ٣٥٩) کاتێك کە ئەم پێویستیە بەردەست نابێت لە رووی دەرونییەوە ڕووبەڕووی دۆخێکی سەخت و دژوار دەبێتەوە، کە ناتوانێت هەنگاوێك بۆ باشترکردن و دەربازبوون لەو دۆخە نالەبارە بدات، لەلایەکی دیکەوە هەڵکشانی تەمەن و زیادبوونی پێداویستییە کۆمەڵایەتی ودەروونی و تەندروستی و روحی و ئابورییەکانی بەساڵاچوان لەگەڵا ژیانی ئاوارەیی و مانەوە لە کەمپ و دوور لە زێدی باوباپیرانیان یەك ناگرێتەوە، هەربۆیە لە دۆخێکی لەو شێوەیەدا ژمارەیەکی زۆریان ڕووبەڕووی کێشەی کۆمەڵایەتی و گرێی دەروونی و نەخۆشی و مەرگ دەبنەوە.

## بەشی سیەم: ڕێوشوێنە مەیدانیەکانی توێژینەوەکە

### باسی یەکەم: میتۆدنامەی توێژینەوەکە:

#### یەکەم: میتۆدی توێژینەوە:

مەبەست لە میتۆدی توێژینەوە ئەو ڕێگەیە کە توێژەر بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان، پۆلێنکردن و ڕاڤەکردنیان بەکاریدەهێنێت (الحسن، ١٩٩٩: ٥٩٩). بەهۆی ئاڵۆزی دیاردە کۆمەڵایەتیەکان، پسپۆڕانی بوارەکە نەیانتوانیوە لەسەر یەک میتۆدی دیاریکراو بۆ ڕاڤە و پۆلێنکردنی توێژینەوە زانستییەکان کۆکبن (بکر، ٢٠٠١: ٣٠). بەم هۆیەوە چەند میتۆدێکی جیاواز بەتایبەت لەکایە زانستە مرۆڤایەتییەکاندا پەیڕەو دەکرێت.

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی چۆنێتیە، لە توێژینەوەی چۆنێتیدا جەخت دەکرێتە سەر تێگەیشتن، ڕوونکردنەوە، دۆزینەوەی هەستەکان، هەڵوێستەکان، ئەزموون، بیروباوەڕ و شارەزایەکانی مرۆڤ لە بارەی ئەو کێشەی توێژینەوەکەی لەسەر دەکرێت، لە توێژینەوەی چۆنێتیدا تێبینیکردن، چاوپێکەوتن و شیکاری بەڵگەنامە بەکاردەهێنرێت بۆ ئاشکراکردنی تێڕوانین و ڕووداوەکان بە شێوەیەکی واقیعی و گشتگیر (Yıldırım ve Şimşek, 2013: 45). ئەم توێژینەوەیە بەدوای وەڵامی هۆکار و چییەتی کێشەکانی بەساڵاچووی ئاوارەدا دەگەڕێت. بۆ ئەمەش ستراتیژی لێکۆڵینەوەی بار (کەیس ستەدی) بەکارهاتووە.

لێکۆڵینەوەی بار میتۆدێکە بۆ شیکردنەوەیەکی قووڵ لەبارەی تاک و گروپەکانەوە، ئەم مۆدیوڵە بەتایبەت لە دیاردەی کۆمەڵایەتی، دەروونناسی، نەخۆشییە دەروونییەکان و پزیشکیدا بەکاردەبرێت (Hancock and Algozzine, 2006: 85). دەکرێت کەیس تاکە کەسێک بێت، گروپێک لە خەڵک بێت، بۆ نمونە خێزان، پۆلێک، ئۆفیسێک، نەخۆشخانەیەک بێت یان ڕووبەرێکی بەرفروانی کۆمەڵگەیەکی ناوخۆیی (Community) بێت. لێکۆڵینەوەی بار لەڕێگەی پرسیارەکانی توێژینەوە بەدوای کۆمەڵێک جۆری بەڵگەی جیاوازدا دەگەڕێت، چونکە لەدۆخ و حاڵی کەیسەکانەوە دەتوانرێت بەڵگەکان دەربهێنرێت (Gillham, 2000: 1). لەبەرئەوەی لێکۆڵینەوەی بار میتۆدێکی چۆنایەتییە و بەقووڵایی دۆخ و حاڵەتەکانی ژیانی ڕاستەقینەی کەیسەکاندا ڕۆدەچێت، لێرەدا بۆ تێگەشتن و ڕوونکردنەوەی کێشەی بەساڵاچووانی ئاوارەی دوای شەڕی داعش سوود لەم میتۆدە وەرگیراوە. بەکارهێنانی ئەم میتۆدە بۆ شیکردنەوەی کەیسی ئاوارە بەساڵاچووەکانی شەڕی داعش دیدگایەکی گشتگیر و بەرفراوان (Comprehensive and Holistic Approach) پێشکەش دەکات، چونکە جەخت لەسەر وردەکارییە ئاڵۆزەکانی ژیانی کەیسەکان دەکاتەوە. لە هەمانکاتدا دەتوانێت یارمەتیدەرێکی باش بێت بۆ پێشکەشکردنی تێگەیشتێکی قوڵتر لەڕووی چۆنایەتییەوە بۆ کێشەکان و ئاڵنگارییەکانی ژیانی ئێستای بەساڵاچووان، هەروەها هاریکارە بۆ خستنەڕووی گرنگترین ڕێگاکانی یارمەتیدانی بەساڵاچوو. لێرەدا لەپێناو نەناسینەوەی کەیسەکاندا لەبری شێوازی گێڕانەوەی چیرۆک (Narrative Story) پشت بەشێوازی دارشتنی توێژینەوەی بابەتی (Thematic Report) بەستراوە، ئەم شێوازە جەخت لەسەر دەستنیشانکردن و شیکردنەوەی بابەتیی ئاراستە دووبارەبووەکانی ناو توێژینەوەکە دەکاتەوە.

**دووەم: کۆمەڵگای توێژینەوە:**

گرووپێک خەڵکە، خاوەنی چەند تایبەتمەندییەکی دیمۆگرافی، پیشەیی، کولتووری و کۆمەڵایەتی هاوبەش و دیاریکراون (میشیل، ١٩٦٧: ٤٤). کۆمەڵگەی توێژینەوەکە لەو کەسانە پێکهاتووە کە تایبەتمەندی هاوبەش و لێکچوویان هەیە. لەم توێژینەوەیەدا، کۆمەڵگای توێژینەوە بریتیە لە بەساڵاچووانی ئاوارەی شەڕی داعش لە کەمپی ئاوارەکانی ئاشتی، بەڕەگەزی نێر و مێ وە، واتە ئەو کەسانەی لەم توێژینەوەیەدا وەک بەشێک لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە هەژمارکراون تەمەنیان لە ٦٠ ساڵ بەرەوسەر بووە، ئەو داتایانەی سەبارەت بەم کۆمەڵگایە دەخرێتەڕوو تا ڕێکەوتی (٢٠٢٣\١١\١٨) توێژینەوەکە لێی بەرپرسیارە. ئەم کەمپە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی سلێمانی و ڕۆژهەڵاتی عەربەت لەسەر ڕێگای سیدصادق، کەمپەکە لە مانگی تەموزی ٢٠١٥دا بەڕووی ئاوارەکاندا کراوەتەوە. ئەو خێزانەی لێرەبوون ئاوارەی شارەکانی ئەنبار، سەلاحەدین، نەینەوا و شەنگال بوون، عەرەب و کوردانی شەبەک و ئێزدییەکانی تێدا نیشتەجێیە (عوسمان، ٢٠٢٣: چاوپێکەوتن). کۆمەڵگای توێژینەوەکە بریتی بووە لە (١٣٣) بەساڵاچوو لەکەمپەکەدا، ژمارەی ڕەگەزی مێ لەکۆی گشی بریتی بووە لە (٨٨) کەس و ژمارەی ڕەگەزی نێریش لەکۆی ئەو داتایە بریتییە لە (٤٥) کەس (عوسمان، ٢٠٢٣: چاوپێکەوتن).

**سێیەم: نموونەی توێژینەوە**

بۆ بە ئەنجامگەیاندنی هەر توێژینەوەیەک لەبارەی کۆمەڵگای توێژینەوەکەوە، توێژەران دوو ڕێگایان لەبەردەستە، ڕێگەی یەکەم وەرگرتنی کۆی ئەندامانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەیە، ڕێگای دووەم، وەرگرتنی بەشێک لە ئەندامانی کۆمەڵگەکەیە، ئەمەش لێرەدا پێی دەوترێت نمونەی توێژینەوە. نموونەی توێژینەوە یەکەیەک یاخود بەشێکی بچوکە لە کۆمەڵگای توێژینەوەکە بە هۆی ئەوەی توێژەر ناتوانێت هەموو تاکەکان وەربگرێت (زەندی، ٢٠١٠: ٦٦). هەروەها لەم توێژینەوەیەدا نموونەی ناهەڕەمەکی (نموونەی مەبەستدار) وەرگیراوە، ئەم جۆرە نموونەیە توێژەر لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکەوە وەریدەگرێت، چونکە پێیوایە نوێنەرایەتی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە دەکات، ئەمەش لەسەر چەند پێودانگێکی لۆجیکی دەرەکی ئەم بڕیارە دەدات و پێیوایە ئەم جۆرە نموونەیە بە باشترین شێوە نوێنەرایەتی خواستەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە دەکات (بۆکانی، ٢٠٢٠: ١٢٨). بەهۆکاری گەورەیی قەبارەی نمونەی توێژینەوەکە، بۆیە (٣٠) کەیس وەک نموونە وەرگیراون و چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کراوە، دیاریکردنی ئەو نمونەیە پەیوەندی بە وەڵامەکانەوە هەبووە توێژەران هەستیان بە تێربوون لە وەڵامی پرسیارەکاندا کردووە. لەهەمانکاتدا یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی بۆ هەڵبژاردنی نمونەی مەبەستدار، حاڵەتی فرەئیتنیکی کەمپەکەیە کە ئێزیدی، کوردانی شەبەک و عەرەبی لەخۆگرتووە. لەهەمانکاتدا بەهۆی ئەوەی بەشێک لەبەساڵاچووان توانای پەیوەندی بەستن (Communication) نەبووە، بەهۆی بەساڵاچوون و نەخۆشیی کوشندەوە، بۆیە بەلایەنی کەمەوە ئەوە لەبەرچاو گیراوە کە دەبێت کەیسەکان توانای وەڵامدانەوە و کۆمەنیکەشنیان هەبێت تاوەکو بتوانن پەیامەکان وەربگرن و بیدەنەوە.

**چوارەم :سنوری توێژینەوە**

هەر توێژینەوەیەکی مەیدانی سێ سنوری دیاریکراو لەخۆ دەگرێت:

١ـ سنوری مرۆیی: سنوری مرۆیی توێژینەوەکە بریتییە لە بەساڵاچووانی نیشتەجێبووی کەمپی ئاوارەکانی ئاشتی لەشاری سلێمانی.

٢ـ سنوری کاتی: مەبەست لەو کات و ڕێکەوتەیە کە لایەنی مەیدانی توێژینەوەکەی تێدا ئەنجامدراوە. ئەمەش لەڕێکەوتی (٢٠٢٣\١١\١٨) بۆ (٢٠٢٣\٥\١١) خایاندووە.

٣ـ سنوری شوێن: سنوری شوێنی توێژینەوەکە بریتییە لە کەمپی ئاوارەکانی ئاشتی لەڕۆژهەڵاتی شاری سلێمانی و دەکەوێتە شارۆچکەی عەربەتەوە لەسەر ڕێگای سەیدصادق.

**باسی دووەم: ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری**

**یەکەم: چاوپێکەوتن**

چاوپێکەوتن، گفتوگۆیەکە لەلایەن توێژەر یاخود تیمێکی کۆکردنەوەی زانیاری لەلایەن مەیدانی توێژینەوەدا بەڕێوەدەبرێت، بۆئەوەی زانیارییەکان لەسەرچاوەی سەرەکییەوە وەربگیرێت (Hancock and Algozzine, 2006: 85). ئەگەر ئەم چاوپێکەتن و ڕووبەڕووبوونەوەیەی نێوان توێژەر و لێتوێژراو نەبێت، ڕەنگە زانیارییەکانی پەیوەست بە توێژینەوەکەوە لەڕووی زانستییەوە گومانیان لەسەر دروست ببێت، بۆیە توێژەر ناتوانێت ڕاستییەکان و زانیارییەکان بناسێتەوە و لەیەکترجیایان بکاتەوە و شیکارێکی زانستیانەیان بۆ بکات (الحسن، ٢٠٠٥: ٢٤٧). لەم توێژینەوەیەدا بە پشتبەستن بە چاوپێکەوتنی کراوە زانیاریەکان کۆکراوەتەوە.

لەو توێژینەوانەی کە میتۆدی لێکۆڵینەوەی باریان تێدا بەکاردەهێنرێت، زۆربەی جار پرسیارنامە دروستدەکرێت، تاوەکو توێژەر لەڕێگەی پرسیارەکانی ناو ئەم پرسیارنامەوە بەئامانجەکانی توێژینەوەکەی بگات. لەم توێژینەوەیەدا پرسیارەکانی پرسیارنامەکە بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکان، بەسەر پێنج تەوەری جیاوازدا دابەشکراون و کۆی پرسیارەکانی (٢٤) پرسیاری سەرەکی بووە و لە ساتی چاوپێکەوتنەکاندا هەر پرسیارێکی پەیوەندیدار بەتوێژینەوەکە دروست بوو بێت ئەویش کراوە. پرسیارەکان لەشێوەی پرسیاری کراوەدابوون تاوەکو لێتوێژراوان بە تەواوی هەستەکانی خۆیانەوە وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوە. فۆڕمەکەش شێوەی سەرەتایی بریتی بووە لە چەند پرسیارێک و پێش ئەنجامدانی چاوپێکەوتنەکان لەلایەن کۆمەڵێک پسپۆڕەوە* هەڵسەنگاندنیان بۆ کراوە، دوای

* ناوی شارەزایان:

- پ.ی.د. عالیە فەرەج مصطفی، بەش کۆمەڵناسی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، پسپۆری کۆمەڵناسی.

- پ.ی.د. کوردوستان عمر محمد، بەشی کاری کۆمەڵایەتی، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، پسپۆری کاری کۆمەڵایەتی.

- پ.ی.د. ڕزگار مصطفی غفور، بەشی کاری کۆمەڵایەتی، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، پسپۆری کاری کۆمەڵایەتی.

لەبەرچاوگرتنی تێبینی و سەرنجی پسپۆڕان دەرهێنانی ڕستگۆی روکەشی کەنمرەکەی (٩٢%) و جێگیری بۆ فۆرمەکە لەڕێگەی دووبارە ئەزموونکردنەوە دەرهێنراکە نمرەکەی گەیشتە (٠,٩٠) بووە، پاشان شێوەی کۆتایی فۆڕمەکە خرایە بواری جێبەجێکردنەوە، بڕوانە پاشکوی (١).

**دووەم: تێبینی**

تێبینیکردن، بریتییە لەو تێبینیانەی توێژەر بەشێوەیەکی بابەتی و مەبەستدارانە بە بەکارهێنانی سەرجەم هەست و سەرنجی خۆی بۆ دیاردەیەک یاخود ڕەفتارێک دەیکات، چونکە لێرەدا ڕەفتاری تاکەکان بەبێ کاریگەری کۆت و بەندەکانی میتۆدی ئەزموونگەرایی ئەنجامدەدرێت (بۆکانی، ٢٠٢٠: ١٤٨-١٤٩). بۆیە تێبینی بە بەشداریکردن یەکێکی دیکە بووە لەو ئامرازانەی کە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری پشتی پێبەستراوە، بەم هۆیەوە توێژەران سەردانی کۆمەڵگەی توێژینەوەیان کردووە بە تایبەت تێبینیەکانیان لەسەر ڕەوشی کەمپەکە و بەساڵاچووانی نیشتەجێی کەمپەکە نوسیووە و خستوویانەتە ڕوو.

- پ.ی.د. لقمان صالح کریم، بەشی کاری کۆمەڵایەتی، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، پسپۆری کاری کۆمەڵایەتی.

## بەشی چوارەم: خستنەڕووی زانیارییەکان بەپێی ئامانجەکانی توێژینەوەکە و دەرئەنجام و راسپاردە و پێشنیازەکان

### باسی یەکەم:- خستنەڕووی زانیارییەکان بە پیی ئامانجەکانی توێژینەوەکە

**یەکەم: زانیارییە دیمۆگرافییەکان**

1 . ڕەگەزی نمونەی توێژینەوە: ژمارەی لێتوێژراوانی نمونەی توێژینەوەکە (٣٠) کەس بووە، لەو ڕێژەیە (١٥) کەسیان لەڕەگەزی مێینەن و (١٥) کەسیان لەڕەگەزی نێرن.

2 . تەمەنی نمونەی توێژینەوەکە: توێژینەوەکانی پەیوەست بە تەمەنی بەساڵاچوو لە (٦٠) ساڵ و بەرەوسەر دیاردەکەن، لەم توێژینەوەیەدا (٨) ئەندامی نموونەی توێژینەوەکە لە تەمەنی (٦٠)ساڵیدان، لەگەڵ ئەوەشدا (٩) ئەندامی نمونەی توێژینەوەکە لە تەمەنی (٦٢) ساڵیدایە. ژمارەی ئەو ئەندامانی لە تەمەنی (٦٣) ساڵیدان لەڕووی گۆڕاوی تەمەنەوە (٦) ئەندامە، هەروەها (٤) ئەندامی دیکەی نموونەی توێژینەوەکە لە تەمەنی (٦٧) ساڵیدان، (٢) ئەندام (٦٨) ساڵە و (١) ئەندامی دیکەی نموونەی توێژینەوەکە تەمەنی (٧١) ساڵە و بەتەمەنترین ئەندامی نموونەی توێژینەوەکەش تەمەنی (٧٢) ساڵە. یەکێک لەو تێبینیانەی کراوە، زۆری ژمارەی بەساڵاچووانی مێینە بەراورد بە نێرینەیە هەروەها درێژی تەمەنی بەساڵاچووی مێینە لە چاو بەساڵاچووی نێرینەدا، ڕەنگە سەرەڕای هۆکارەکانی وەک پاڵپشتی کۆمەڵایەتی، تەندروستی، جیاوازی بایەلۆجی و شێوازی ژیان، ئەوەبێت پیاوان بەهۆی ڕۆڵ و بارودۆخیانەوە زیاتر بەرکەوتەی ڕاستەوخۆی جەنگ و توندوتیژییە ڕاستەوخۆکانن، ئەمەش کاریگەری لەسەر ژیان و تەندروستییان هەیە.

3 . باری کۆمەڵایەتی نمونەی توێژینەوەکە: باری کۆمەڵایەتی نمونەی توێژینەوەکە جیاوازی تێدایە. بەپلەی یەکەم، ئەو کەسانە دێن کەتاک هاوسەرن، ڕێژەکەیان بریتییە لە (١٤) بەشداربوو. ڕێژەی بێوەژنی بەشدار لەتوێژینەوەکەدا کە چاوپێکەوتنی لەگەڵدا کراوە بریتییە لە (٦) بەشداربوو، هەروەها (٤) ژنیش لەلایەن پیاوەکانیانەوە ژنی دووەمیان و سێیەمیان بەسەردا هاتووە، لەهەمانکاتدا (٦) بەشداربووی نێرینەش دووجار هاوسەرگیرییان کردووە، واتە دوو ژنن.

**دووەم:- خستنە ڕووی ئەنجامی توێژینەوەکە بە گوێرەی ئەنجامەکان و شیکردنەوەیان**

**ئامانجی یەکەم:- ئاشنابوون بە کێشە (کۆمەڵایەتی، دەروونی، تەندروستی، ئابوریی)ەکانی بەساڵاچووی ئاوارە، بۆ بەیهێنانی ئەم ئامانجە چەند پرسیارێکی کراوە ئاراستەی بەسالاچووی ئاوارە لە کەمپی ئاشتی کراوە و ئەم ئەنجامانەی خوارەوە بەدەستهاتووە:-**

**١. کێشەی کۆمەڵایەتی:-** کێشەی کۆمەڵایەتی لەپەیوەندیدا بە لایەنی پراکتیکی ئەم توێژینەوەیەوە بریتییە لەو کێشە و گرفت و ئاڵنگاریانەی ڕووبەڕووی بەساڵاچوویەکی ئاوارە دەبێتەوە، ئەوەی لێرەدا جێگەی بایەخی ئەم توێژینەوەیە ئەو کێشە کۆمەڵایەتیانەیە کە بەساڵاچووی نیشتەجێی کەمپ بەهۆی ئاوارەبوونیانەوە دووچاری بوونەتەوە.

**١,١. بەسەربردنی کات:-** ژیانی ڕۆژانەی بەساڵاچووی ناو کەمپ بەگوێرەی ڕەگەز دەگۆڕێت.

چەن بەساڵاچوویەکی مێینە کاتەکانی خۆیان بەم شێوەیە بەسەر دەبەن (خەریکی پاکردنەوەی خێمەکەمم و نان و چێشت لێدەنێم و نان دەکەم و ئەم ناوە پاکدەکەمەوە). بەساڵاچوویەکی نێرینە بەم شێوەیە گوزارشت لە بەسەربردنی کاتەکانی خۆی دەکات: (ئیشم نییە و لەسەر ئەو جادەیە بۆ خۆم دادەنیشم)، بەساڵاچوویەکی دیکەی ڕەگەزی نێر دەڵێت: (کاکە ئێمە دایەمە هەر لێرەین دەرچوون و شتمان نییە وەکو سجن واین). ئەوەی تێبینی دەکرا، دیاریکردنی بەرپرسیاریەتییەکان و ڕۆڵی جێندەریی تەنانەت لە چوارچێوەی ئاوارەبوونیشدا دیسانەوە بەردەوامی هەیە. چۆنێتی و چەندێتی تەرخانکردنی کات بەهۆی ڕۆڵی جێندەرییەوە لەلای ژن و پیاوی بەساڵاچوو جیاوازی هەیە. بەراوردکردنی ژینگەی کەمپەکە بەزیندان ئەگەرچی ئازادی هاتوچۆ و جوڵەش هەبێت جەخت لەسەر ئاستەنگی ئابوری و ئاسایشی کەمپەکە دەکاتەوە، چونکە بەم هۆیەوە توانای بەشداریکردنی بەساڵاچوو لە چالاکییەکانی دەرەوەی کەمپدا سنوردار دەبێت و لێرەوە هەست بە چەقبەستوویی دەکەن.

**١,٢. بەشداری کۆڕ و کۆبوونەوە کۆمەڵایەتییەکان:-** ئاستی بەشداری کۆڕ و کۆبوونەوە لە کەمپەکەدا بەرزە، لێرەشدا تایبەتمەندییە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان و پابەندبوون بە داب و نەریتەکانەوە ڕۆڵی لە بەرزی ڕێژەی بەشداری لەچالاکییە کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە. بەساڵاچوویەکی ڕزگاربوو لە دەستی داعش دەڵێت: "هەموومان کە لەم کەمپەداین نزیکین و خزمی یەکین عەشیرەتێکین، کەسی یەکترین، لەوێ بەیەکەوە بووین، لێرەش هەرپێکەوەین". بەساڵاچوویەکی دیکەش دەڵێت: "ئەگەر لێرەش تەعزییەک هەبێت چادرێک هەڵدەدەن و ئێمەش دەچین دائەنیشین و فاتیحایەک دەخوێنین، هەندێکجار کەسێک یان کەسانێک دێن لێرە... قسەمان بۆ دەکەن، هەندێ جاریش دەڕۆم بۆ دەرەوەی کەمپەکە". بەساڵاچوویەکی ئێزدی بەحەسرەتەوە دەڵێت "لەم دەورەوبەرە تەعزییەک شتێک هەبێت دەچم، چونکە کەس و کارم لێرە نییە ئەوەش کەمە، بەڵام ئەگەر لە شەنگال یا لەدهۆک شتێک هەبێ ناتوانم بچم چونکە پارەم نییە و مەعیشەتم خراپە". لەگەڵ ئەمەشدا ژمارەیەکی تری بەساڵاچووی دیکە ئاماژە بە کێشەیەکی جیاواز دەکەن "شتێک خراپە، ئێمە میوانێکمان بێت ئەبێت بچیتە ئاسایش بچیتە مەحکەمە لەکەمپ ئیجازە بکەیت ئینجا دەتوانیت شەوێک یا دووان بمێنێتەوە، یا ئەچم بۆ زێدەکەی خۆم ئەڵێ سێ ڕۆژ یا چوار ڕۆژ لەوە زیاتر بمێنمەوە ئیتر من قاچاغم". ئەم لێدوانانە جەخت لەسەر گرنگی پەیوەندییە خزمایەتییەکان و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان دەکەنەوە، لەهەمانکاتدا سەرنج بۆ بەربەستە کارگێڕییەکان کەمپەکە ڕادەکێشن، دەکرێت ئەمە کاریگەری لەسەر پاراستن و بەردەوامی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دروست بکات. نزیکی خزمایەتی و خێڵەکی ئاماژەیە بۆ هەستێکی بەهێزی خزمایەتی و کۆمەڵایەتی، بەشێوەیەک هەستی پێکەوەبوون و بەردەوامییان بەهێز دەکات. پراکتیزەکردنی داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان و کارلێکی کۆمەڵایەتی لەنێوانیاندا ڕێگەیەکە بۆ مانەوە و بەستنەوەیان بەڕابوردووی خۆیانەوە.

**١,٣. پەیوەندی بەساڵاچووان لەگەڵ کۆمەڵگەی خانەخوێ:-** بەساڵاچووانی کەمپەکە توانای خۆگونجاندنیان لەگەڵ کۆمەڵگەی خانەخوێ (هەرێمی کوردستانی عێراق) هەیە و جەخت لەسەر

پـارێزراوی کەرامەت و شـکۆیان و دروسـتکردنی پەیوەنـدی نـوێ لەگەڵ کوردەکانـدا دەکەنەوە. پیرمێردێکی کۆمەڵایەتی لەمبارەیەوە دەڵێت "مامەڵەی خەڵکەکە زۆرباشە، کوردەکان زۆرباشـن، مـن بەم جلە عەرەبیەی خۆمەوە دەچمە دەرەوە ڕێزم دەگرن". بەشێکی دیکەی بەساڵاچووەکان جەخـت لەوەدەکەنەوە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ کۆمەڵگەی خانەخوێدا تاڕادەی هاوسەرگیری چۆتە پێشەوە و بەساڵاچوویەک دەڵێت "کوردەکان زۆر زۆر باشن لەگەڵمان، کوردەکانمان بەبرای خۆمـان زانـین بـۆیە هـاتین بـۆ ئێـرە ئێسـتا بەهـۆی ژن و ژنخـوازییەوە پەیوەنـدیمان لەگەڵ کوردەکـان هەیە". ئەگەر لەدیدگایەکی کۆمەڵناسیانەوە لەم وتانە بڕوانرێت، کارلێکی نێوان بەساڵاچووی ئاوارەی شەڕی داعـش و کۆمەڵگەی خانەخوێ دەبینرێت. جەخت لەسەر هاوبەندی و پاڵپشتی کۆمەڵایەتی لە دروستکردنی پەیوەندیی کولتووریدا کراوەتەوە. تێکەڵبـوون و دروسـتبوونی پەیوەنـدی و کـارلێکی نێـوان ئەم دوو نەتەوەیە لە ئـازاری بەسـاڵاچووی ئـاوارە کەمـدەکاتەوە. چـونکە ئەم پەیوەنـدیانە بـوونەتە هۆکـاری ئاڵوگۆڕی کولتووری لەنێوان ئاوارەکان و کۆمەڵگەی کوردییدا.

**١,٤. ژیـانی ئـاوارەیی و سـەرهەڵدانی کێشـەی کـۆمەڵایەتی لای بەسـاڵاچوو:-** ئەزمـوونکردنی دەرەئەنجامەکانی ئاوارەبوون بەهۆی پەلاماری داعشەوە، سەرەڕای هاوبەشییان لەهێڵە گشـتییەکاندا بەڵام لەسەر ئاستی تاک بەگوێرەی جیاوازی بەساڵاچوو گۆڕانی بەسەردا دێت، بەساڵاچوویەکی نێرینە دەڵێت "ئەوەی بێتاقتمان دەکات ئێمە هەموومان ڕامان کردووە و مـاڵمان ڕووخـاوە و شـوێنەکەمان ئـاوەدان نیـیە، ئـێمەش هەر بیـری لێـدەکەینەوە و خەیـاڵمان لایەتـی و ئەوێـش ئاسـایش و ئەمـانی تیــانییە". لەپەیوەندیــدا بە هەســتی پابەنــدبوون و بیرکــردنەوەی بەردەوام لەزێــدی ڕەســەن بەساڵاچوویەکی دیکە دەڵێت" شتێک زۆر بێتاقەتی کردووم دایـم مێشـکم لای ئەوەیە خـوایە کەی و چۆن بگەڕێینەوە وڵاتی خۆمان... هیچی وەکـو شـوێنەکەی خـۆت نیـیە، ئەگەر ئینسـان خـوا لەکوێ هێنایە دنیاوە ئەوە مەنتیقەی وییە، لازمە لەوێ بژیەت".

پەیوەنـدی لەنێـوان تیـۆری دەروون-کـۆمەڵایەتی ئێریـک ئێریکسـۆن و وتەکـانی بەسـاڵاچوانی ئـاوارەی شـەڕی داعـش هەیە. ئێریکسـۆن بـاوەڕی وایە تـاک لە دوایـن قۆناغەکـانی ژیانیـدا ڕەنـگە دووچاری قەیرانی دەروونی ببێتەوە، ئەم دۆخەش خۆشگوزەرانی ژیانی ئەو تاکانە سـنوردار دەکـات. کاتێک ئەم تاکانە ڕووبەڕووی قەیرانێکی دەروونی و کۆمەڵایەتی دەبنەوە دۆخێکی ململانێ لەنێـوان گشتێتی (یەکپارچەیی) ئیگـۆ و بێهیواییـدا دروسـت دەبێـت. گشـتێتی ئیگـۆ دۆخـێکە پەیوەنـدی بە ڕەزامەندی مرۆڤەوە هەیە لەپەیوەندیدا بەڕابوردوویەوە. بەڵام بێهیـوایی دۆخـێکە تاکەکـان تاکەکـان تێیدا هەسـت بە بـێ بەرهەمـی و پەشـیمانی بەرامـبەر بەڕابـوردوو دەکەن. لەم دیگـایەوە لێـدوانی بەساڵاچووەکان سەبارەت بە دارمانی خانووەکانیان، لەدەسـتدانی دۆخـی خۆشـگوزەرانی پێشـوویان، نەبـوونی کەسـە خۆشەویسـت و نزیکەکانیـان لەتەنیشـتیانەوە، بەرکەوتـن لەگەڵ نـۆرم و ڕەفتـارە جیاوازەکان و ئـاوێتەبوونی ئەم ئـازارانە لەگەڵ ئاوارەبوونـدا پەیوەنـدی لەگەڵ چەمکـی بێهیـوایی و نائومێدی ئێریکسۆندا دروست دەکات. بەڵام تامەزرۆییان بۆ گەڕانەوە بۆ زێدی ڕاستەقینەی خۆیـان، ئارەزوویان بـۆ پاراسـتنی پەیوەنـدییە کۆمەڵایەتییەکانیـان و هەوڵەکانیـان بـۆ داکـۆکی لە ناسـنامەی خۆیـان لەگەڵ گشـتێتی و یەکپـارچەیی ئیگـۆ لای ئەریکسـۆن یەکـدەگرێتەوە. ئەنجامەکـانی ئەم

توێژینەوەیە هاوڕایە لە گەڵ توێژینەوەکەی (حجازی، ابو غالی، ٢٠١٠ )، (القصابی، ٢٠١٣) سەبارەت بە بوونی کێشەی کۆمەڵایەتی لای بەساڵاچوو.

**٢.کێشەی دەروونی:-** دۆخی دەرونی بەساڵاچوو دەکەوێتە ژێر کاریگەری چەندین فاکتەری وەک کێشەی کۆمەڵایەتی، تەندروستی، ئابوری، خویندەواری و بەرکەوتن و ژیانی تاکی بەساڵاچوو لە قۆناغەکانی پێشووی تەمەنیدا. لەم بارەدا لەچەندین ڕووەوە لەم توێژینەوەیەدا لەڕێگەی چەند پرسیارێکەوە هەوڵی هەڵسەنگاندن و دۆزینەوەی کێشە دەرونییەکانی بەساڵاچوو دراوە.

**٢,١. هەستی ئێستای بەساڵاچوو لەمەڕ ژیانی گەنجی:-** ژیانی ئێستای بەساڵاچوو تاڕادەیەکی زۆر پەیوەندی بە قۆناغەکانی پێشتری ژیانی بەساڵاچووەوە هەیە، لەم بارەدا و لەڕووی تیۆرییەوە ئێریک ئێریکسۆن لەو زانا دەروونناسانەیە قۆناغەکانی ژیانی تاک وەک گشتێک دەبینێت و لەشێوەی پرۆسەیەکی کامڵدا دابەشی دەکات بەسەر هەشت قۆناغدا، کۆتا قۆناغی ئەم تەمەنە بریتییە لەقۆناغی پیری. بۆیە ئەمە کۆتا قۆناغی تەمەنە بەگوێرەی تیۆری دەرون-کۆمەڵایەتی، لەسەرو تەمەنی شەستساڵییەوە لەخۆدەگرێت و پەرچدانەوەی تەمەنی تاکە. لەم قۆناغەدا تاک یان دەتوانێت هەستێکی دڵنیایی و ڕەزامەندی لەژیان پەرەپێبدات و بەئارامییەوە بەرەومردن هەنگاو بنێت یان هەستێکی نائومێدی باڵی بەسەردا دەکێشێت بەرامبەر ئەو کاتانەی لەدەستچوون و بەفیڕۆ دراون. بەساڵاچوویەکی نێر بەم شێوەیە گوزارشت لەژیانی ڕابوردووی خۆی دەکات "کاکە تۆ دەزانی تەمەنی من چەندە، ٦٣ ساڵ، باوکی من تەمەنی چەندە بوو، حەفتا ساڵ، ئەوە کردیە چەن، ١٣٣ ساڵ، باپیری منیش ٨٠ ساڵ ژیا ئەوە ٢٠٠ ساڵ، ئەم دووسەد ساڵە ژیانی ئێمە بەقەدەر ئەم جگەرەیە خۆشی تیانەبوو[١]، هەمووی حەرب و شەڕ و ڕاکردن و ئاوارەبوون بوو، هیچ خۆشیمان نەدیت. ئاخر ئەوە دەبێت! ئەوە دوو سەد ساڵە من ئێستا خانووم نییە... ئینجا ئەوە دیسانەوە کوڕەکەشم هەر پێشمەرگەیە ئەوە ٤٠ ساڵی تریش. دڵنیام کوڕەکەشی هەروا دەبێت، ژیانی ئێمەش هەروا بووە". بەساڵاچوویەکی دیکەش بەم شێوەیە هەستەکانی خۆی ڕووندەکاتەوە" زۆر خراپ و ناخۆشبوو، خێزانێکی قەرەباڵغ بووین، سیامان لێ ڕۆشتوو سیامان مایەوە". بەساڵاچوویەکی دیکە بەم شێوەیە دوا" ژیانی گەنجیم خۆشبوو، نەبەستراوبوومەوە، بەئارەزووی خۆم دەگەڕام، بەڵام ئێستا وانیم بەستراومەتەوە من مورتاح نیم چواردەورم هەندێکجار لێمان توڕە دەبن و ئەمرمان بەسەردا دەکەن ئەوەش بۆ ئێمە ناخۆشە". هەروەها بەساڵاچوویەکی دیکە دەڵێت " کورە جاران لەکوێ و ئێستا لەکوێ؟ لەگەنجیا زۆر باشبووین، خۆشبوو، بەس ئێستا باش نین". ئەوەی تێبینی دەکرا، لەگەڵ ئەوەی هەندێک لە بەساڵاچووەکان هەستی ئارامی دەرونییان لە مەر ژیانی ڕابوردوو گەنجیان نەبوو، کەچی لەهەمانکاتدا لەبارەی ژیانی ئێستایانەوە هەمان هەستیان هەبوو، لەکاتێکدا ئەو بەساڵاچووانەی بەخۆشبینییەوە لەڕابوردوویان دەڕوانی کەچی لەدۆخی ئێستایان ڕازی نەبوون، پێیان وابوو ئەو ژیان و هەوڵەی لەگەنجیدا هەیان بووە نەدەبوو ئەنجامەکەی بەم شێوە ناتەندروستەی ئێستا بێت و لەئاوارەیی و بێ ماڵ و حاڵیدا بژین.

---

[١] ئاماژە بۆ جگەرەی نیوەسوتاوی نێوان پەنجە لاوازەکانی دەستە ماندووەکەی.

**٢,٢. هەستکردن بەبایەخداری لەلای بەساڵاچوو:-** بەساڵاچووەکان جەختیان لەوە دەکردەوە لەبەرئەوەی لەگەڵ منداڵەکانیاندا هەست بەئارامی دەکەن و ئەوان ڕێز لە تەمەن و ئامۆژگارییەکانیان دەگرن، بە ساڵاچوویەکی پڕ حیکمەت دەڵێت" هەموو ماوەیەک جارێک ئێمە دائەنیشن و کۆدەبینەوە و ئاراستە و نەسیحەتی یەک دەکەین و ئامۆژگاری گەنجەکان دەکەین و هۆشیاریان دەکەینەوە...ژن و مێرد شەڕ بکەن ئاشتیان دەکەینەوە". بەساڵاچوویەکی بەئەزموونی دیکەش دەڵێت" هەندێکجار گوێم بۆ دەگرن و هەندێک جار گوێم بۆ ناگرن، دە ساڵە ئێمە لێرەین هەندێکجار هەقی خۆشیانە گوێمان بۆ نەگرن، چونکە بێزاربوون". لێرەدا تایبەتمەندی کولتووری و بەهێزی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و وابەستەبوونی تاکەکان بەخێزانەوە جێگەی سەرنجە، چونکە دەکرێت خاڵێکی گرنگی هەستانەوەی تاکی بەساڵاچوو بێت کاتێک لەڕووی دەروونییەوە هەست بە فشار و شکان دەکات. لەم ڕووەوە تاکی بەساڵاچووی ناو ئەم کەمپە هەست بەگۆشەگیری و تەنیایی ناکەن و پەیوەندییەکانیان بەبایەخەوە هەڵدەسەنگێنن.

**٢,٣. هەڵچوون و تووڕەبوون لای تاکی بەساڵاچووی ئاوارەبوو:-** هەڵچوون و تووڕەبوون لەو گرفتە دیارانەیە ڕووبەڕووی بەساڵاچوو دەبێتەوە. لێرەدا کەسی بەساڵاچوو هەست و هەڵچوونەکانی خۆی بۆ کۆنترۆڵ ناکرێت. بەساڵاچوویەک دەڵێت" ئەگەر تووڕە بم جگەرەیەک دەخۆم لە دڵی خۆما دەڵێم سەبر باشە، سەبر بگرم باشترە".هەروەها بەساڵاچوویەکی دیکە دەڵێت" من تووڕە نابم، سوپاس بۆ خوا تووڕەنابم، ئەگەر موشکیلەیەکم هەبێت لە مێشکی خۆما بیری لێدەکەمەوە و حەلی دەکەم". بەڵام زۆربەی بەساڵاچووەکان دەڵێن کە تووڕە دەبین و کاتێکیش تووڕە دەبین دەنگ بەرزدەکەینەوە و توندوتیژی بەکاردەهێنین، لەم ڕووە بەساڵاچوویەک دەڵێت" تووڕە دەبم، بەس زۆرنا، بەس کە تووڕەبووم بەرچاوم تاریک دەبێت، ئەگەر گەورەترین کەسیش بێتە بەردەمم هەر لێی دەدەم". لێدوانی بەساڵاچووەکان بۆ تووڕەبوون، هەست و میکانیزمی ئەوانە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دۆخەکان، لەبەرئەوەی ئەوان لەدۆخی ئاوارەیی و نادڵنیاییدان دەکرێت حاڵەتەکانی وەک گریان و تووڕەبوون و هاوارکردن وەک میکانیزمێک بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو حاڵەتەیان سەیر بکرێت، چونکە لەم ڕێگەیەوە مامەڵە لەگەڵ فشار و دڵەڕاوکێکانیان دەکەن. ئەمەش گرنگی ڕەچاوکردنی دۆخی دەروونی و کۆمەڵایەتی بەساڵاچووی ئاوارە دەکاتەوە، چونکە ئەوان بەر زەبرێکی ناکاوی دەروونی کەوتوون.

**٢,٤. هەستکردن بە ئارامی دەرونی:-** بەساڵاچووانی ئاوارە بۆ ئەوەی لەڕووی دەروونییەوە هەستی ئارامییان بۆ بگەڕێتەوە ئاماژە بەهەندێک پێداویستی سەرەتایی ژیان دەدەن. بەساڵاچوویەک دەڵێت" ئەگەر لێرە شتمان پێبدەن دۆخم باش دەبێت بەس وانەبێت بێتاقەت دەبم هەندێکجار خواردن و شتمان دەدەنێ ئیتر دڵم بەوە خۆش دەبێ، کە نیمانە ئیتر بیری لێدەکەمەوە و منیش بێتاقەت دەبم". بەساڵاچوویەکی دیکەش دەڵێت" کاکە با ئەم خێمانە بکەنە بلۆک...بۆ ئەوەی لەو قەلەقی و مەسروفە ڕزگارمان بێت. ئیتر مورتاح دەبین، ئاخر ئێستا بەشەو ناخەوم، هەتا هەموویان نەخەون منیش ناخەوم چونکە دەترسم، لەماڵی خۆمدا وەکو حەرەسم". بەساڵاچوویەکی دیکەش دەڵێت" هەندێکجار بێتاقەت دەبم... ئەو بێتاقەتیەم هی ئەوەیە دایم لەناو ئەم خێمەیەدام و ناچمە دەرەوە. پێشتر وانەبووین ئەچووین بۆ هەموو شوێنێک. پێشتر دەچوومە دەرەوە و

باشبووم". زۆربەی بەساڵاچووەکان دابەزینی خواستی پڕکردنەوەی پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیانیان لەم کەمپە بۆ دۆخی ئاوارەییان دەگەڕێننەوە و ئەم دۆخەش کاریگەری لەسەر لایەنی دەرونییان جێهێشتووە، هەربۆیە بەساڵاچوویەکی دەڵێت" هەموو شتێکم باشە لێرە بەس ئاو و کارەبا و خواردنەکەمان بدەنێ ئیتر ئەوە باشە، پارەیەکی کەمی دە هەزاریمان هەبوو ئەوەیان بڕیوە، من ئێستا دەترسم ئەم ئاو و کارەبایەش ببڕن لێمان".

ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە هاوڕایە لە گەڵ توێژینەوەکەی (حسین، ٢٠١٠ )، (القصابی، ٢٠١٣) سەبارەت بە بوونی کێشەی دەرونی لای بەساڵاچوو.

**٣. کێشەی تەندروستی:-** لەم تەوەرەدا تیشکخراوەتە سەر لایەنە پەیوەندیدارەکانی وابەستە بە سەلامەتی جەستەیی و تەندروستییەوە.

**٣,١. دۆخی تەندروستی بەساڵاچووی ئاوارە:-** لەکۆی ئەو چاوپێکەوتنانەی لەگەڵ بەساڵاچووەکاندا ئەنجامدراون تەنها یەکێک لە بەساڵاچووەکان ئاماژەی بەجێگیری دۆخی تەندروستی خۆی کرد. بەساڵاچوویەکی نەخۆش بەم شێوەیە وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە" ئەو خورانەی لەدەستوقاچم دەرکەوتووە کە هاتم بۆ ئێرە وای لێهات پێشتر وانەبووم، زۆرینەمان توشی ئەم نەخۆشیە بووین لێرە هەندێکمان چاکبووینەوە و هەندێکمان چاکنەبووینەوە". بەساڵاچوویەکی دیکە نەک تەنها نەخۆشییە جەستەییەکانی بەڵکو نەخۆشی دەرونییەکەشی بۆ ژیانی ناو کەمپەکە دەگەڕێنێتەوە و دەڵێت" لێرە توشی فەقەرات و تێکچوونی باری دەروونیم بووم، ئێرە زۆر ساردە کە ساردبوو من هەر ناتوانم لەبەر ئازاری پشتم بجوڵێمەوە". هەروەها بەساڵاچوویەکی نەخۆشی کەمدەرامەتیش دەڵێت" کاکە من لە شەنگال ئەم نەخۆشینانەم نەبوو لێرە توشبووم، خەفەت دەخۆم، چۆن توشنابم، نە ئیش هەیە، نە ڕاتب هەیە، ژنم نەخۆشە، کاکە من بێتاقەت دەبم خەفەت دەخۆم چۆن توشی نەخۆشی نابم".

لێدوانی بەساڵاچووەکانی ئاوارەی شەڕی داعش لەبارەی دۆخی تەندروستییانەوە چەندین جۆری نەخۆشی دیاریدەکەن. بەلای ئەوانەوە گرنگە توانای دەستڕاگەشتنیان بە سەرچاوە تەندروستییەکان لەچوارچێوەی ئاوارەیی و ژیانی ناو کەمپەکەدا بگات. چونکە سنورداربوونی تواناکانیان لەدەست ڕاگەشتن بەو سەرچاوانە باری تەندروستییان بەرەو دۆخێکی ناجێگیرتر دەبات. بەساڵاچووەکانی ئاوارەی شەڕی داعش بەراورد بە خەڵکی ئاسایی قورستر دەستیان بە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان ڕادەگات، ئەگەرچی ئەوان هەندێک کات بەدوای چارەسەری نەخۆشییەکانیاندا لەدەرەوە کەمپەکە ڕۆشتوون بەڵام هێشتاوەکو دووچاری ئاستەنگی لەدیاریکردنی نەخۆشییەکانیان بوونەتەوە. کاتێک ئەوان بەشێوەیەکی بەردەوام باسی ئازاری جەستەیی و بارودۆخی دەروونی خۆیان دەکەن، ئەمەش ئاماژە بۆ زەبروزەنگ و کۆچی زۆرەملێ دەکات، کە چۆن دەکرێت بەشدار بێت لە تێکچوونی دۆخی تەندروستیاندا بەتایبەت ئەوەی تێبینی دەکرا،هەندێک لەنەخۆشییەکان پاش جێگیربوونیان لەکەمپە دووچاریان بۆتەوە، لەوانەش کەشوهەوای سارد و گەرم، ئەمەش ئازاری جەستەیی و کێشەی تەندروستی زیاتریان بۆ دروست دەکات. ئەوان جەختیان لەکاریگەری سنورداربوونی توانای ئابورییان کردۆتەوە کە ناتوانن پێداویستییە پزیشکییەکان دابین بکەن، بەڵکو لەهەندێک دۆخدا ڕێنمایی

پزیشکەکانیش بەهۆی سنورداربوونی دۆخی ئابورییانەوە فەرامۆش دەکەن.

**٣,٢. سەردانکردن بۆ وەرگرتنی چارەسەری پزیشکی:-** بەشێکی بەساڵاچووەکان بۆ وەرگرتنی چارەسەری نەخۆشی ڕوو لە بنکەی تەندروستی ناو کەمپەکە دەکەن، بەڵام لەهەمانکاتدا پێیانوایە ئەو نەخۆشیانەی ئەمان هەیانە چارەسەرەکەی لەو بنکەیە نییە، هەربۆیە زۆربەی جار لەلایەن بنکەی تەندروستی ناو کەمپەکەوە ڕەوانەی نەخۆشخانەکانی سلێمانی یاخود بۆلای پزیشکی پسپۆڕیان دەنێرن، بەساڵاچوویەک بەم شێوەیە ڕوونی دەکاتەوە" هەندێکجار بۆ سەر ئێشە سەردانی دکتۆری ئێرەم کردووە، بۆ پشت ئێشەکەش ڕۆشتم وتیان سەردانی پزیشکی پسپۆڕ بکە لێرە ئێمە ناتوانین هیچ بکەین". لەپەیوەندیدا بەم حاڵەتەوە بەساڵاچوویەک بەم شێوەیە بەیانی دۆخی خۆی دەکات" ئیتر بۆ کڕینی ئەو عیلاجانەش مەگەر خوا خۆی یارمەتیمان بدات، ئەگەر پارە هەبێت دەیکڕین و ئەگەر نەشبێت ئەوە هیچ، دە جار شتی وابووە عیلاجیان بۆ من نوسیوە لەبەرئەوەی ئیمکانیاتم نەبووە نەمکڕیوە کەچی پێویستیشم بووە". لەبارەی چۆنێتی پڕکردنەوەی پێداویستییە تەندروستییەکانەوە بەساڵاچوویەک دەڵێت" ئەگەر شتێکی پزیشکیمان هەبێت کەس نییە هاوکاریمان بکات، ئێستا ئەو پیاوەی دراوسێمان کوێرە کێ هەیە شتێکی بۆ بکات، وەڵا کەس نییە". خێزانەکان زۆربەی جاران بە گرتنەبەری هەر ڕێگایەک بێت هەوڵی پڕکردنەوە پێداویستییە پزیشکییەکانی نەخۆش و پەکەوتە بەساڵاچووەکانیان دەدەن، بەڵام کێشەی ئەوان لەوەدایە وەک خێزانێکی ئاسایی ناتوانن پارە پەیدابکەن و بەهۆی ئاوارەبوونەوە لەدۆخێکی سەقامگیری ئابوریدانین.

**٣,٣. هەستکردن بە ئاسایش لەڕووی دۆخی تەندروستیەوە:-** بەساڵاچوو بۆ ئەوەی لەڕووی تەندروستییەوە هەست بە ئاسایش و سەقامیگیری بکات هاوکاری دارایی بەگرنگ دەبینن، بەساڵاچوویەکی نەخۆش هەستی خۆی بەم شێوەیە دەردەبڕێت" ئەگەر ئێمە مووچەیەکمان هەبێت بۆ خۆم و خێزانم من تەنانەت موحتاجی کوڕی خۆشم نابم، ئەویش عائیلەی خۆی هەیە. بۆچی حکومەت مساعەدەی ئێمە ناکات".

بەساڵاچووەکانی ئاوارەی شەڕی داعش خواستی خۆبژێوی و سەربەخۆیان هەیە. هەربۆیە جەخت لەسەر گرنگی هەبوونی سەرچاوەیەکی داهات بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی خۆیان، بەتایبەت بۆ دەستڕاگەشتن بەسەرچاوە تەندروستییەکان دەکەنەوە. ئەم لێدوانە جەخت لەسەر چەمکی هەستی پاراستنی ئۆتۆنۆمی و کەرامەت لە دیدگایەکی سۆسیۆلۆجی ڕەخنەگرانەوە دەکاتەوە. بۆ پاراستنی ئەو هەستەش پاڵپشتی حکومەت و بەرپرسیارێتی کۆمەڵگا بەرامبەریان دووپات دەکەنەوە. ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە هاوڕایە لە گەڵ توێژینەوەکەی (حسین، ٢٠١٠) سەبارەت بە بوونی کێشەی تەندروستی لای بەسالاچووان.

**٤- کێشەی دارایی:-** یەکێک لە کێشە دیارەکانی بەساڵاچووی ئاوارە کێشەی داراییە، چونکە بەهۆی هەڵکشانی تەمەنەوە توانای دابینکردنی هیچ بڕە پارەیەکیان نابێت بۆ خۆیان بەتایبەت هەندێک لەوان هیچ ئەرکێکی حکومیان نەبووە تاوەکوو خانەنشینییان هەبێت.

**٤,١. هەڵسەنگاندنی دۆخی دارایی بەساڵاچووانی ئاوارە:-** لەڕووی داراییەوە دۆخی بەساڵاچووی ئاوارە بەشێوەیەکی گشتی ناجێگیرە. بەساڵاچوویەکی ئاوارە دەڵێت " پارەم هەیە، بەس کوڕەکەم

ئەمداتێ، ئەگەر ئەو نەبێ پارەم نییە.". بەساڵاچوویەکی دیکە بەم شێوەیە گوزارشت لە دۆخی ژیانی دارایی خۆی دەکات " حاڵەتی مادیم زۆرباش نییە، بەهەزارحاڵ دەتوانین مەعیشەتی و خوانی خۆمان دابین بکەین من سێ منداڵی کەمئەندامم هەیە، پارەم نییە بیانبەم بۆلای دکتۆر". مێینەیەکی بەساڵاچوو لەپەیوەندیدا بەم دۆخەوە دەڵێت " دۆخی مادیم زۆر خراپە خۆم مێردم نییە و کوڕەکەشم ناتوانێت بمداتێ، مێردەکەشم جێی هێشتووم".

قسەکانی بەساڵاچووەکان لەبارەی دۆخی ئابووریانەوە ئاماژەیە بۆ ئەو بەربەست و ئاڵنگاریانەی لە ئەنجامی ئاواربوونیان بەهۆی شەڕی داعشەوە دووچاریان بۆتەوە. ئەزموونی بەساڵاچووەکانی ئاوارەی شەڕی داعش جەخت لەسەر گرنگی پەیوەندییە خێزانییەکان دەکاتەوە بۆ هاوکاری ئابوری یەکتر. لەلایەکی دیکەوە فشارە ئابورییەکان کاریگەری لەسەر دەستڕاگەشتن بەسەرچاوەکانی تەندروستی تاک هەیە، کاتێک بەساڵاچوویەک هەست بە لێپرسراوی خۆی بەرامبەر منداڵە خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکانی خۆی دەکات، بەڵام ناتوانێت بەهۆی کێشەی ئابورییەوە دەستی بەسەرچاوە تەندروستییەکان بگات، ئاماژەیە بۆ ئەو فشارە ئابورییە لەسەر بەساڵاچوو هەیە. هەروەها تێکچوونی پەیوەندییە خێزانییەکان لەدۆخی ئاوارەبووندا لەلای بەساڵاچوو کێشە ئابورییەکان قوڵتر دەکاتەوە، چونکە ئەو فشارە ئابوریانە بەهۆی جێهێشتن و هەڵوەشانەوەی خێزانەوە لەسەر تاکی بەساڵاچووی ئاوارەبوو زیاتر دەبێت.

**٤,٢. کارکردن لای بەساڵاچووان:-** زۆرینەی بەساڵاچووەکانی کەمپەکە بەهۆی هەڵکشانی تەمەن و خراپی دۆخی تەندروستییانەوە هیچ کارێک ناکەن، بەڵام هەندێکیان دەخوازن ئەگەر پاڵپشتی دارایی هەبێت کارێک بکەن لەگەڵ تەمەن و توانای ئەواندا یەکبگرێتەوە. لێرەدا بەساڵاچوویەکی مێینە دەڵێت " من لەبەر تەمەنم ناتوانم زۆر شت بکەم، چونکە تەمەن ئەژمێرین، ناتوانم خەیاتی بکەم و شت بچنم، یان مەتعەمم هەبێ ناتوانم ئیش بکەم، بەس مەگەر دووکانێکی بچوکم لێرە هەبێت، خۆم بتوانم لەسەری دابنیشم". هەروەها لەپەیوەندیدا بەم دۆخەوە بەساڵاچوویەکی نێرینە دەڵێت " کورە بەس کەمپەکە ڕێگەم بدەن دوو مەڕ بکڕم بۆ خۆم بەخێوی بکەم و خۆمی پێوە مەشغوڵ بکەم بۆ من زۆر باشە". بەساڵاچوویەکی مێینەی دیکەی کارکەر بەم شێوەیە باس لە ئیشەکەی دەکات " ئیشدەکەم لەم دووکانە بچوکەلەدا، بۆ ئەوە ئیش دەکەم پێی بژیم، ئەم شتانەی ئێرە هی من نین هی کەمپەکەی ئێرەیە بۆیان هێناوم".

تیۆرەکەی کامینگز و هێنری باس لە مەیلی کشانەوەی تاکە بەساڵاچووەکان لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان دەکات، ئەم تیۆرە و ئەو ڕەخنانەشی لێیگیراون هاوتەریبە لەگەڵ وتەی بەساڵاچووانی ئاوارەی شەڕی داعشدا. دەربڕینی بێتوانایی لەبەشداریکردن لەچالاکییەکانی وەک دورین، چاندن یاخود کاری جەستەیی ئاماژەیە بۆ کەمبوونەوە و پاشەکشەی چالاکییە کۆمەڵایەتیی و جەستەییەکان لەلای تاکی بەساڵاچوو. ئەو دانپێدانانەی کە تاکە بەساڵاچووەکان پێویستیان بەدوکانێکی بچووک یاخود مەڕداری هەیە، لەدوو ڕووەوە گرنگە، یەکەم، هەوڵێکە بۆ گونجان لەچوارچێوەی ژینگە نوێیەکەدا، دووەم، دەکرێت وەک ڕێگەیەک بۆ پاراستنی بەرپرسیارێتی سەیر بکرێت.

**٤،٣. هاوکاری دارایی بۆ ئاوارەکان:-** تەواوی بەساڵاچووەکانی ئاوارەی ئەم کەمپە جەختیان لەوە کردۆتەوە کە سەرەتا و لەکاتی هاتنیان بۆ ئەم کەمپە لەلایەن حکومەت و ڕێکخراوەکانەوە یارمەتی و کۆمەکی داراییان پێشکەش کراوە، بەڵام بۆ دۆخی ئێستا بەساڵاچوویەک دەڵێت " هیچ هاوکارییەک لە حکومەتی عێراقییەوە نییە، هەتا ئەم دەقەیە حکومەتی عێراقی قەترەیەک نەوتی نەداوە پێمان، سەلەی خواردنیشمان بۆ دەهات لەلایەن یوئێن، جاران لە ڕێگەی ئاسیا حەواڵەوە بۆ هەر نەفەرێک بیست هەزارمان وەردەگرێت، بەڵام ئێستا بووە بە ١٢ هەزار". بەساڵاچوویەکی دیکە بەم شێوەیە دۆخەکە ڕوونەکاتەوە " سیمکارتەکە هەبوو، ئەوەشیان بڕی، بەس سەبەتەی خواردنمان بۆ دەهێنن، بەس خواردنەکەش تەنها ئیسفادە لەڕۆنەکەی دەکەین، ئەوەی دیکەی فڕێ دەدەین، هیچ بەکەڵک نایەت". هەروەها بەساڵاچوویەکی دیکە لەپەیوەندیدا بە وەرگرتنی بەشە مانگانەی خۆراکەوە دەڵێت "لەناوچەکەی خۆمان بایەعیمان هەبوو و نەوتیشمان وەردەگرت، بەس ئێستا ئەو بایەعەش وەرناگرین، ئەبێت بچینەوە لەوێ وەریبگرین، ئینجا خۆ ئەوەش مەسروفەکەی لەپارەی خواردنەکانی زیاترە".

قسەکانی بەساڵاچووەکانی ئاوارەی شەڕی داعش ڕووناکی دەخاتە سەر ئەو ئاستەنگە ئابووریانەی لەچوارچێوەی ئاوارەبووندا دووچاریان بۆتەوە. بۆیە کاریگەری قووڵی ئاستەنگە داراییەکان لەسەر خۆشگوزەرانی بەساڵاچوو دەبینرێت. بۆیە لە ئێستادا دەستڕاگەشتن بە سەرچاوە سەرەکییەکانی ژیان لەلای بەساڵاچووی ئاوارە و خێزانەکانیان لەدۆخێکی دژواردایە. لەڕوانگەی قسەی بەساڵاچووەکانەوە دەردەکەوێت ئەوان پێویستیان بە ڕێبازێکی گشتگیر لە پاڵپشتیکردن هەیە، چونکە ئەم بابەتە پەیوەندی بە کەرامەتی مرۆیی، خۆشگوزەرانی، دۆخی ئابووری و دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە هەیە.

**٤،٤. ئاوارەیی و پێویستیی دارایی بۆ ژیانێکی سەقامگیر:-** بۆئەوەی بەساڵاچووەکان لەڕووی ئابوری و داراییەوە هەست بەسەقامگیری بکەن، بەم شێوەیە گوزارشت لە پێداویستییەکانی خۆیان دەکەن " وەڵا لێرە پێویستمان بەهەموو شتێکە، هیچیشمان لانییە، پێویستمان بە پارە هەیە، پێویستمان بەخواردن و جلوبەرگ و بەتانی هەیە...ئێستا لێرە هاوکاری نییە". هەروەها بەساڵاچوویەکی دیکەی ئاگادار لەدۆخی بەساڵاچووانی هاوتەمەنی خۆی دەڵێت "خەڵکی بەتەمەن پێویستی بەچیە؟ پێویستی بەعیلاجەکانیەتی، پێویستی بە عارەبانەیە، بە سەماعەیە، خواردنەکەی بۆ دابینبکرێت، چونکە هەندێکیان کوڕەکانی پارەی پێنادات، دێت لەم دوکانەی من شت بە قەرز دەبات".

ئەم لێدوانانە جەخت لەسەر پێداویستییەکی قووڵی بەساڵاچووی ئاوارە بۆ پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیان دەکاتەوە. نەبوونی سەرچاوە سەرکییەکانی وەک پارە، خواردن، جلوبەرگ و بەتانی و ئاو، ئاماژەیە بۆ قورسی دەستڕاگەشتن بەو سەرچاوە سەرەکیانەی ژیان کە پێداویستی مانەوەی مرۆڤ دەستەبەردەکات و کاریگەری لەسەر ئاستی خۆشگوزەرانییان دەبێت، لەلایەکی دیکەوە ئەمە ئاماژەیە بۆ نەبوونی یەکسانی لەدابەشکردنی سەرچاوەکان لەپەیوەندیدا بە کۆمەڵگای ئاوارەکانەوە. لەلایەکی دیکەوە پێداویستییە تایبەتییەکان بەساڵاچوو وەک دەرمان و کورسی بۆ

خاوەن پێداویستی تایبەت ئاماژەیە بۆ داواکردنی هاوکاری لە سەرچاوەکانی دەرەوە ئیتر حکومەتی عێراقی یاخود ڕێکخراوە پەیوەندیدارەکانی بوارەکەبن. چونکە ئەوان پێیانوایە بەگوێرەی پێویست لە ئێستادا پاڵپشتی ناکرێن.

**ئامانجی دووەم:- هۆکاری مانەوەی بەساڵاچوو لە کەمپی ئاوارەکانی ئاشتی، بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە چەند پرسیارێك ئاراستەی بەساڵاچووی ئاوارە لە کەمپی ئاشتی کراوە و ئەم ئەنجامانەی خوارەوە بەدەستهاتووە:-**

هۆکاری مانەوەی بەساڵاچووەکانی کەمپی ئاوارەکانی ئاشتی سەرەڕای تەواوی کێشەکانیان پەیوەندی بە کۆمەڵێک فاکتەرەوە هەیە. بەساڵاچوویەکی مێینەی ئێزیدی بەم شێوەیە دۆخەکە ڕووندەکاتەوە " لێرە خزمەتگوزاری تەندروستی باشە، دکتۆر و شتی باشی لێیە. ئیتر کوڕەکەشم هەفتەی یەک دوو ڕۆژ دەچێتە ئیش و پارەیەکی دەست دەکەوێت و ژیانمان لەسەر ئەوەیە، بەس لە مەنتیقەکەی خۆمان ئێستا ئیشیش نییە". بەساڵاچوویەکی دیکە هۆکارەکەی بۆ ناجێگیری باری ئەمنی ناوچەکانیان و قەرەبوونەکردنەوەیان لەلایەن حکومەتەوە دەگێڕێتەوە و دەڵێت " من ئێستا ئەمەوێ بڕۆمەوە بەس خانوم نییە، خانوم تەخت بووە، ڕووخاوە تۆپ لێیداوە، ئەمانیش ناڵێم نییە، بەس باشیش نییە. ئینجا ئەگەر حکومەت دەعم و تەعویزمان بکات دەگەڕێینەوە". بەساڵاچوویەکی ئاوارەی عەرەب دەڵێت " میلیشیا ڕێگەمان نادات بڕۆینەوە، بەنسبەت خۆمەوە،ماڵم هەبوو، کێڵگەم هەبوو، ٢٠٠ دۆنم زەویم هەبوو، هەر عەزەکانم ساڵانە بە ٦٥ ملیۆن بە کرێ دەدا، بەنسبەت منەوە ئەوە هەمووی ڕۆشت، ئێ ئێستا میلیشیا دەستی بەسەردا گرتووە، کێڵگەکەیان سوتاندووە و خانوەکەیان ڕووخاندووە، ناتوانم بڕۆمەوە. لەلای ئەوانەوە قەدەغەیە من بگەڕێمەوە، با یەک شتیشت پێبڵێم لەڕووی ئەمنییەوە داواکراو نیم... بەڵام میلیشیا ڕێگەم نادا بچمەوە ماڵەکەمەوە... ئەوان من بە داعش دەزانن لەکاتێکدا منیش بەهۆی داعشەوە ئاوارەبووم، مەسەلەکە ئەوەیە ئێمە سونەین و ئەوان شیعەن".

بەساڵاچوویەکی دیکە دەڵێت " ئیجبارییە، شوێنم نییە بۆی بڕۆمەوە". هەروەها بەساڵاچوویەکی ئاوارەی مێینە دەڵێت: " ماڵەکانمان ڕووخاون، بگەڕێینەوە شوێنمان نییە بۆ مانەوە، کێشەی پارەشمان هەیە ". بەساڵاچوویەکی دیکە بۆچوونێکی جیاوازی سەبارەت بە گەڕانەوەیان هەیە و دەڵێت " لەژیانی ئێرە ڕازیم ناترسم ئەمن هەیە...ناترسم کەس شتێکم لێبکات... بەس ئێمە لەیەک شت دەترسین ڕۆژێک بێت ئاو و کارەبامان لێرە لێببڕن". هەروەها بەساڵاچوویەکی دیکە بەم شێوەیە وەڵام دەداتەوە " سوپاس بۆ خوا لەژیانی ئێرە ڕازین، ناگەڕێینەوە چونکە ئەمان نییە، یەک کوڕم هەیە سەری ئەوەش ببڕن!! کاکە ئاسایش نییە. ئینجا خۆ ڕاستە داعش نەماوە بەڵام خۆ من هەر ناتوانم خانووەکەم بکەمەوە".

ئەگەر لەشیکردنەوەی سۆسیۆلۆجی ئەم قسانەدا تیۆری ململانێ بەکاربرێت، ئەوا چاویلکەیەکی سۆسیۆلۆجیانە بۆ تێگەشتن لە کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی جەنگ و ئەزموونی ئەم ئاوارە بەساڵاچووانە دەڕەخسێنێت. چونکە تیۆری ململانێ ی (صاموایل هنتگتون) گرنگی بە نایەکسانی

دەسەڵات، نایەکسانی ئابووری و قەیرانی ناسنامە دەدات. لەڕووی ئابوورییەوە، ئەوانەی لەدۆخێکی باشدان گەڕاونەتەوە ئەوانەشی باری ئابوورییان خراپ بووە هێشتا ماونەتەوە، شەڕ کاریگەری لەسەر دۆخی ئابوری ئاوارەبووانی بەساڵاچووە هەبووە. ئەم نایەکسانییە لەسەقامگیری باری ئابووریدا بەهۆی نایەکسانییە لەدەستڕاگەشتن بەسەرچاوە و دەرفەتە ئابوورییەکان سەرهەڵدەدات. تیۆری ململانێ جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە چۆن ناهاوسەنگی و نایەکسانییەکان دەتوانن هۆکاری سەرهەڵدانی کێشە و گرفتی موڵکداری بن، وێرانکردنی ماڵەکان و نەبوونی توانا بۆ گەڕانەوە بۆ زێدی ڕاستەقینە بەهۆی زیانی مادییەوە، نمونەی ئەوە کە چۆن شەڕ و پەلامارەکانی داعش نەک تەنها ژیانی تاکەکان بەڵکو پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئابوریشیان تێکدەدات.

گرژی و کێشەکانی پەیوەست بە ناسنامەوە، لەڕوانگەی تیۆری ململانێوە دەکرێت لەکاتی جەنگەکاندا بقۆزرێتەوە. دابەشبوونی ناسنامە لەسەر بنەمای سوونی و شیعی لەواقیعدا بۆتە هۆی دووبەرەکی دووژمنایەتی، ئەمەش وایکردووە گەڕانەوەی بەساڵاچووانی ئاوارە بۆ مەڵبەندی ژیانی خۆیان قورس بێت. لەلایەکی دیکەوە تیۆری ململانێ ڕۆڵی ئەکتەرە بەهێزەکان و مانەوەیان لەژیاندا دووپات دەکاتەوە، چونکە مانەوە بۆ باشترینەکانە، میلیشیاکان خاوەنی چەک، هێز و دەستەڵاتن، ڕێگەنەدانی میلیشیاکان بەگەڕانەوەی خێزانی بەساڵاچووانی ئاوارە بۆ ناوچەکانیان ئاماژەیە بۆ بەردەوامی هێز و دەستەڵات تەنانەت دوای کۆتایی هاتنی شەڕ لەگەڵ داعش هێشتاوەکو بەردەوامی هەیە. هەروەها سنورداری لە توانای دەستڕاگەشتن بە سەرچاوە سەرەکییەکانی ژیان وەک تەندروستی، ئاو و کارەبا هتد.. لە پاش گریمانەی گەڕانەوە، هەروەها ترس لەدەستدرێژی میلیشیاکان، جەخت لەسەر بێدەستەڵاتی و لاوازی ئاوارەکان دەکاتەوە، بۆئەمەش تیۆری ململانێ پێیوایە دەکرێت سەرچاوەکانی ژیان وەک ئامرازی کۆنترۆڵکردن و ناچارکردن لەدژی خەڵکی لاواز و خوارەوە بەکاربهێنرێت.

### باسی دووەم: دەرئەنجام و راسپاردەو پیشنیازەکانی توێژینەوەکە

#### یەکەم:- دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە

**١- لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە:-** بەساڵاچووان بەهۆی سنورداربوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، سنورداری جمجوڵ و هاتوچۆکردن لەناو و دەرەوەی کەمپدا و لەدەستدانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە بەرفراوانەکانی پێشووتریان، بۆ هەندێکیان دورکەوتنەوە لە ئەندامەکانی خێزانەکانیان، هاوڕێ و کۆمەڵگەکەی خۆیان، هەستی دابڕانی کۆمەڵایەتی لەلا دروستکردوون. هەروەها بەهۆی هەڵکەنران لەزێدی خۆیان تاڕادەیەکی بەرچاو سیستەمی پاڵپشتی کۆمەڵایەتییان لەدەستداوە. بۆ هەندێک لە بەساڵاچووان بەشداری لەچالاکیی و کۆڕوکۆبوونەوەکاندا قورسە ئەمەش بەهۆی کێشەی تەندروستیی و هەستکردن بەدابڕانەوە. هەروەها لاوازی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتی و گشتییەکان کێشەیەکی بەرچاوی بەساڵاچووی ئاوارەیە بەتایبەت خراپی کوالێتی شوێنی مانەوەی لەناو خێمەکاندا.

**٢- لەڕووی دەرونییەوە:-** ئەم توێژینەوەیە بەو دەرئەنجامە گەیشتووە زۆربەی بەساڵاچووان دووچاری کێشە و فشاری دەروونی بوونەتەوە بەشێوەیەک کاریگەری لەسەر دروستی دەروونیان

هەبووە. بەشێوەیەکی گشتی ناجێگیریی بارودۆخیان لەکەمپەکەدا، لەدەستدانی ماڵ و سامان، هەڵهاتن لەشوێنی نیشتەجێبوونیان و پچڕانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان لەگەڵ کەسوکار و نزیکەکانیان، هەروەها نادڵنیایی بەرامبەر داهاتوویان، هەستکردن بە نائارامی، خەمۆکی و دڵەڕاوکێی لای بەساڵاچووان دروست کردووە. هەندێک لە بەساڵاچووان ئەزموونی ڕووداوی تراومایان هەیە، ئەمەش لەو کاتانەوە سەریان هەڵداوە لەناوچەکانی خۆیان پەلاماردراون یاخود لەماوەی هەڵهاتنیان و گەشتنیان بە کەمپەکە توشیان بووە و لەشێوەی فلاشباک (هاتنەوە بەرچاوی وێنەکانی ڕابوردوو)، کابووس، کەمخەوی و بێداری بەردەوامدا لای بەساڵاچووان دەردەکەون.

**٣- لەڕووی تەندروستییەوە:**- ژینگەی تەندروستی ناو کەمپەکە بەهۆی بەیەکداچوویەوە هۆکاری توشبوون بەنەخۆشی بووە، هەروەها لایەنی ئەندازیاری بونیادنانی کەمپەکە هۆکارێکی یارمەتییدەرە لەخراپبوونی زیاتری دۆخی تەندروستی بەساڵاچوواندا. بەساڵاچووانی پەنابەر تووشی ئاستەنگەکانی وەک دەستڕاگەشتن بە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان دەبنەوە. لەگەڵ ئەمەشدا بنکەی تەندروستی ناو کەمپی پەنابەران توانایەکی پزیشکی سنورداری هەیە لە کەمی و نابەردەستبوونی ئامێرە پزیشکییەکاندا بەتایبەت لە پەیوەندییدا بە چاودێری و چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانی بەساڵاچووانەوە، چونکە بەساڵاچوانی ئاوارە چەندین نەخۆشی درێژخایەنی وەک نەخۆشییەکانی وەک چەوری خوێن، شەکرە، پەستانی خوێن، ڕەبۆ، ئاوساوی، فەقەرات، سەدەفە (جۆرێک لەگەڕبوون)، کۆڵۆن، ئێسکەنەرمە و سەوەفان و ئازاری جومگەکانیان هەیە. سەرەڕای ئەوەش بەساڵاچووانی ئاوارە، توانای دەستڕاگەشتنیان بەدەرمان و کەرەستە پێداویستییە چارەسەرییەکانیان کەمە یاخود نییە، ئەمەش بەهۆی بەردەستنەبوونیان لەکەمپەکە و لاوازی و نەبوونی پاڵپشتی دارایی خودی. لەبەرئەوە هەندێکجار بەساڵاچووان ئەو ڕەچەتە پزیشکیانە فەرامۆش دەکەن کە پزیشکی پسپۆڕ بۆ چارەسەری نەخۆشییەکانینان بۆیان دیاریدەکات. ئەمەش لەکاتێکدایە کە دۆخی تەندروستی تەواوی بەساڵاچووانی پەنابەر ناجێگیرە و پێویستی بەدەستوەردان و چارەسەری بەپەلە هەیە.

**٤- لەڕووی ئابورییەوە:**- بەساڵاچووان لەکاتی ئاوارەبوونیاندا ڕووبەڕووی ئاستەنگ و ئاڵنگاری دۆخی دارایی بوونەتەوە. ئەمەش بەهۆی سنورداربوونی سەرچاوە ئابوورییەکان، نەبوونی دەرفەتی کارکردن و کەمبوونەوەی داهات. لەبنەڕەتدا بەساڵاچووان و خێزانەکانیان کاتێک ئاوارەبوون هیچ شتێکیان لەماڵ و کەلوپەل و پێداویستییەکانی ژیانیان لەگەڵ خۆیان نەهێناوە، تەنانەت هەندێک نەیانتوانیوە ناسنامەکانیشیان بهێنن، ئەمەش دەستڕاگەشتنی بەسەرچاوە دارییەکان لای بەساڵاچوان سنوردارکردووە. هەروەها دەرفەتی کارکردنیان بەهۆی هەڵکشانی تەمەن و ڕێوشوێنە کارگێڕییەکانی کەمپەکە زۆر کەمە. لەگەڵ ئەوەی لەسەرەتاکانی ئاواربوونیادا پاڵپشتی دارایی و پڕکردنەوەی پێداویستییەکانیان لەلایەن حکومەت و ڕێکخراوەکانەوە هەبووە. بەساڵاچووانی ئاوارەی ئەم کەمپە نیشتەجێی ناوچە گوندنشینەکان بوون و بە کاری کشتوکاڵی و ئاژەڵدارییەوە خەریکبوون، هیچ ئەرکێکی کارگێڕییان نەبووە، واتە بێبەشن لە هەر مووچە و داهاتێکی خانەنشینی. بەهۆی لاوازی دۆخی ئابورییەوە توانای دابینکردنی خۆراک و کەلوپەلی تەندروستیان نییە و تەنانەت

دەستڕاگەشتنیان بە بەشە خۆراکی مانگەنەیان کارێکی زۆر ئەستەمە بۆیان.
**٥- هۆکاری مانەوە لە کەمپ:-** سەرەڕای تەواوی کێشەکانی بەساڵاچووان، پاڵنەری سەرەکی هەڵبژاردنی ژیان لەم کەمپەدا و نەگەڕانەوەی بەساڵاچووەکان بۆ زێدی ڕەسەنی خۆیان، دەکرێت بە چەندین هۆکاری جیاجیای سیاسی، تەندروستی، ئاسایش، ئاینی و ئابوری ڕوونبکرێتەوە. لەهەمانکاتدا بەڕادەیەکی زۆر ئەو هۆکارانە کە پەیوەندی بە بەردەستی خزمەتگوزارییە تەندروستی، ئاسایش و ئابورییەکانەوە هەیە لە هەرێمی کوردستان بەراورد بە ناوچەکانی خۆیان بەردەست و ئاسانترە. لەلایەک دیکەوە حکومەتی عێراقی قەرەبووی نەکردوونەتەوە تاوەکو بچنەوە ناوچەکانی خۆیان و ماڵەکانیان بونیادبنێنەوە. بەشێکی دیکەیان ماڵوموڵکەکانیان لەلایەن گروپە چەکدارەکانەوە دەستی بەسەردا گیراوە و لەحاڵەتی گەڕانەوەدا مەترسی لەسەر ژیانیان دروست دەبێت، لەهەمانکاتدا بوونی ململانێی ئاینی و نەتەوەیی پاڵنەرێکی دیکەی مانەوەیانە لەکەمپەکە.

**دووەم: ڕاسپاردەکان:-**

١. پێویستە لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان دەرفەتی بەشداری بۆ بەساڵاچووان برەخسێنن تاوەکو تێکەڵ بە کۆمەڵگای خانەخوێ (کۆمەڵگەی کوردی) ببن، لەرێگەی ڕێکخستنی بۆنە و ئاهەنگی کولتووری و چالاکی کۆمەڵایەتی بەرەچاوکردنی تەمەنی بەساڵاچووان بۆ پتەوکردنی پەیوەندی و بەستنەوەیان بە کۆمەڵگەی خانەخوێ.
٢. پێویستە لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان کار بۆ پێشکەشکردنی ڕاهێنان و وۆرکشۆپ بە کارمەندانی تەندروستی، کارگێڕی و توێژەرە کۆمەڵایەتییەکان لە کەمپ بکات، تاوەکو زیاتر بە کێشەکانی بەساڵاچووان ئاشنابن و بتوانن چارەسەری گونجاو بۆ کێشەکان بدۆزنەوە.
٣. پێویستە لەسەر وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراق کار بۆ دابینکردنی نەخۆشخانەی تایبەتمەند بکات کە پزیشکی پسپۆر و کەرەستەی پزیشکی و دەرمان و پێداویستییە تەندروستییەکان بۆ بەساڵاچووانی ئاوارەی ناو کەمپەکە، لەحاڵەتی کتوپڕ و مانگانەدا دابین بکات.
٤. پێویستە لەسەر وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراق کار بۆ دابینکردنی بڕەپارەیەکی مانگانە بۆ بەساڵاچووان بکات، تاکو بەلایەنی کەمەوە یارمەتیدەر دەبێت لە چارەسەرکردنی کێشەو پێداویستیە جۆراوجۆرەکانی بە ساڵاچوواندا.
٥. پێویستە لەسەر ڕێکخراوە هەرێمی و نێودەوڵەتیەکان کار بۆ دروستکردنی تۆڕی پاڵپشتی کۆمەڵایەتی و دەرونی و بەرنامەکانی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی گشتی بکرێت تاکو کوالێتی ژیانی بەساڵاچووی ئاوارە بەرزبکاتەوە.
٦. پێویستە لەسەر ڕێکخراوەکانی هەرێمی و نێودەوڵەتی کار بۆ کەمکردنەوەی کاریگەری ئاستەنگە ئابورییەکان بکەن، لەرێگەی پڕۆگرامی ڕاهێنانی پیشەیی بۆ بەساڵاچووان تاوەکو بەگوێرەی توانای خۆیان بەشداربن لەدابینکردنی داهات و بژێوی خۆیاندا.
٧. پێویستە لەسەر ڕێکخراوە هەرێمی و نێودەوڵەتیەکان پشتگیری کار و پڕۆژەی بچوکی کە لەلای هەندێک لە بەساڵاچووان بەدیکراوە بکەن.

٨. پێویستە لەسەر ڕێکخراوە هەرێمی و نێودەوڵەتیەکان کاربکەن، بۆ بڵاوکردنەوەی هەڵمەتی هۆشیاری لەناو کۆمەڵگەی کەمپەکەدا بۆ هۆشیارکردنەوەی خێزانەکانی نێو کەمپ سەبارەت بەو ئاڵنگاری و ئاستەنگانەی کە دووچاری بەساڵاچووان دەبێتەوە، ئەمەش بۆ بەرەو پێشبردنی هاوسۆزی و پاڵپشتی کۆمەڵایەتی.

**سێیەم: پێشنیارەکان:-**

١. لەمیانەی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیەدا، بۆمان دەرکەوت کە کێشەی ئاوارەبوون کێشەیەکی گشتگیرە و تەنها پەرچدانەوەی لەسەر بەساڵاچووان نییە، بۆیە گرنگە توێژینەوەی گشتگیری دیکە لەبارەی تەواوی چین و توێژە ئاوارەکانی دیکەی کەمپەکەوە ئەنجام بدرێت.
٢. گرنگە توێژینەوەی گشتگیری دیکە لەبارەی کێشەکانی بەساڵاچووی ئاوارە لە سەرجەم کەمپەکان لە هەرێمی کوردستان ئەنجامبدرێت و تێیدا میکانیزمەکانی چارەسەری تێدا بخرێتە ڕوو.

## سەرچاوەکان:

**یەکەم:- سەرچاوە کوردییەکان**

١.ئەحمەد، بەهادین، داعش بنەما ئایدۆلۆژی و ئاراستە سیاسیەکانی، گۆڤاری جۆرناڵ، ژمارە (٦)، ایلولی، ٢٠١٦.
٢.احمد، عمر حمە، جمیل، نەبەز جلال، کێشەی مندالان لەجەنگی داعشدا / مندالانی ئاوارەکانی موصڵ بە نموونە، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی بەشی بی، ژمارەی تایبەت بەکۆنفرانسی زانستی نێودەوڵەتی (کاری کۆمەڵایەتی لەناوچە پڕململانێ سیاسیەکاندا ئاڵنگاری و دەرفەتەکان) ٢٠١٩.
٣.بۆکانی، سابیر، میتۆدی توێژینەوەی زانستی، چاپی دووەم، بەبێ دەزگای بڵاوکار، سلێمانی، ٢٠٢٠.
٤.پیران، ڕێکخراوی دەنگی، بەساڵاچوانی تەندروست هێزن بۆ کۆمەڵگا، سلێمانی، ٢٠٠٨.
٥.حسێن، ئاوارە، دادگای تایبەتمەند بەدادگایکردنی تاوانەکانی داعش داعش، گۆڤاری جۆرناڵ ژمارە (٦)،٢٠١٦.
٦.زەندی،ئەمیر خودا کەرەم، ڕێبازی توێژینەوە لەسۆسیۆلۆجیادا، چاپی یەکەم،بەبێ دەزگای بڵاوکردنەوە، سلێمانی ٢٠١٠.
٧.زەنگەنە، پەخشان، ئافرەت لەناوچەکانی ململانێدا، ئافرەتانی کوردستان و ڕۆڵیان لەبەرەنگاربوونەوەی تیرۆردا، چاپخانەی شەهاب، چ١، هەولێر، ٢٠١٧.
٨.سعید، فەرەیدون عارف، بێکاری و پەیوەندی بە توندوتیژی خێزانییەوە لەنێو ئاوارەکاندا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی بەشی بی، ژمارەی تایبەت بە کۆنفرانسی زانستی نێودەوڵەتی (کاری کۆمەڵایەتی لە ناوچە پڕململانێ سیاسیەکاندا ئاڵنگاری و دەرفەتەکان) ٢٠١٩..
٩. قەرەداغی،ئومید فایەق،پیری چارەنووسێکی حەتمی وشکستە گۆرانێکی بێ شومار،چاپخانەی شڤان،سلێمانی،٢٠٠٥.
١٠.نادر، کاوە قادر،دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) دەوڵەتی خێڵەکی عارەبی لە دەورانی مۆدێرندا، چ١، هەولێر، بەبێ دەزگای چاپ، ٢٠١٦.

**دووەم: - سەرچاوە عەرەبییەکان:**

١- أبو رمان، د.محمد، مابعد دوله الخلافه الخلافه، مؤسسه فريدريش ايبرت للنشر عمان – الاردن،٢٠٢١.
٢- أبو عوض، د.سليم، التوافق النفسى للمسنين، الطبعه١، دار أسامه للنشر والتوزيع، عمان، الأردن، ٢٠٠٨.
٣- بدر، عيد، يحيى مرسى، المسنون فى عالم متغير مقدمه فى علم الشيخوخه، الطبعه١، دار الوفاو لدنيا للطباعه والنشر، الاسكندريه، ٢٠٠٧.
٤- بدوى، محمد طه، النظرية السياسية، المكتب المصرى الحديث، ١٩٦٧.
٥-بكر، عصمت عبدالمجيد، مدخل الى البحث العلمى، الطبعه الأول، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ٢٠٠١.

٦-حتى، ناصف يوسف، النظرية فى العلاقات الدولية، دار الكتاب العربى،بيروت، ١٩٨٥.
٧-حجازى، عطاف، جولتان، أبو غالى، مشكلات المسنين (الشيخوخه) و علاقتها بالصلابه النفسيه، دراسه ميدانيه على عينه من المسنين الفلسطين فى المحافظات غزة، مجله جامعة النجاح للابحاث العلوم الانسانية، مجلد (٢٤)، ٢٠١٠.
٨-الحسن، احسان محمد، مناهج البحث الاجتماعى، ط١، دار وائل للنشر،الاردن، ٢٠٠٥.
٩-الحسن، احسان محمد، موسوعة علم الاجتماع، ط١، الدار العربية للموسوعات، بيروت،١٩٩٩.
١٠-حسن،نورهان منير، محمد سيد فهمى، الرعاية الاجتماعية للمسنين، مكتبه الجامعية، الإسكندرية، ٢٠٠٠.
١١-الحسين، السيد زيد رعد، تقرير حول حمايه المدنيين فى النزاع المسلح فى العراق، ١١ايلول-١٠كانون الاول ٢٠١٤،مكتب حقوق الانسان فى بعثة الامم المتحدة لمساعدة العراق،٢٠١٤.
١٢-الحيدرى، إبراهيم، سوسيولوجيا العنف والإرهاب، ط١، دار الساقى، ٢٠١٥.
١٣-الخطيب، د.موسى الخطيب، كيف تعيش حياتك بعد الستين، الطبعه١، دار الفاروق الاستثمارات الثقافيه، ٢٠٠٨.
١٤- ربيع، محمد شحاتة، اثر المسن على الوظائف النفسية، دار المعارف الجامعية، الإسكندرية، ١٩٨٨.
١٥-الزبيدى، كامل علوان، علم النفس الشيخوخة، الطبعه١،الوراق للنشر والتوزيع، عمان،الاردن،٢٠٠٩.
١٦-السرحان، عبدالله ناصر، رعايه المسنين فى الإسلام، دارالصميدعى للنشر والتوزيع، الرياض، ١٤١٨.
١٧-سليمان، أ.سناء محمد، مرحلة الشيخوخة وحياة المسنين بين الامال والالام، الطبعه١، عالم الكتب، قاهره،٢٠٠٨.
١٨-الشمرى، عماد مطير خليف، جغرافيه السكان الاسس و الاركان فى التطبيق، ط١، دار الكتب الوطنيه طرابلس، ٢٠١١.
١٩-الشمرى، عماد مطير خليف، نزوح السكان دراسه تفصيليه شامله، ط١، بدون دار النشر، بغداد، ٢٠١٥.
٢٠-عبدالرزاق، خليل إبراهيم، دور الخدمة الاجتماعية فى التخفيف من حده مشكلة العلاقات الاجتماعية للمسنين من وجهه نظر الإخصائيين الإجتماعيين العاملين فى مجال رعاية المسنين، مجله جامعة الاقصى، المجلد العشرين، العدد الثانى، ٢٠١٦.
٢١-عبدالله، كريمه لطيف، المعارضه الفكريه لنظريه صدام الحضارات، مجله ذى قار، المجلد ١٤، العدد ١، ٢٠١٩.
٢٢- عثمان، عبدالفتاح واخرون، الخدمة الاجتماعية للمسنين من المنظور الشمولى المعاصر، مؤسسه نبيل، القاهره، ١٩٩٥.
٢٣-العزاوى، اكرم محمد صبحى محمود ومروان عبدالمجيد العبدالله، الرعايه الشامله للمسنين (رياظياً، اجتماعياً، صحياً، نفسياً، تأهيل)، ط١، دار دجله، عمان، ٢٠١٤.
٢٤-العزيزى، مريط ،محمود عبده حسن محمد،، بكيل عبدلله مقبل سنان، اثر الحروب و الصراعات

المسلحه على التحصيل الدراسى لطلبه المرحله الاساسيه امانه العامه من وجهه نظر المعلمين، مجله الاندلس للعلوم الانسانيه و الاجتماعيه، (١٦)، ٢٠١٦.
٢٥-علوان، د. أحمد محمود محمد، البرامج التطبيقيه لتغذيه المرض و المسنين، الطبعه١،المكتبه المصريه للطباعه و النشر و التوزيع،الاسكندريه، ٢٠٠٧.
٢٦-الفقى، د.مصطفى محمد أحمد، رعاية المسنين بين العلوم الوضعية والتصور الاسلامى، مكتبه الجامعى الحديث، ٢٠٠٨.
٢٧-القصابى، هلال بن ناصر بن على، المشكلات النفسية و الاجتماعية لدى كبار السن بمحافظة مسقط فى ضوء بعض المتغيرات، رساله ماجستير منشوره فى موقع الالكترونى)، كليه الاداب و العلوم، قسم التربيه و الدراسات الانسانيه، ٢٠
٢٨-الهاشمى، هشام، عالم داعش تنظيم الدوله الاسلامية فى العراق و الشام، ط١، دار الحكمه لندن، دار بابل- بغداد، ٢٠١٥
٢٩-كاريت، جيل، إضافة الصحة الى السنين (كتاب أساسى حول صحه المسنين، ت: عبد الجبار الاتروشى، الطبعه١، مكتب وارفين،دهوك، ٢٠٠٢.
٣٠-مزيد، د.ربى، احتياجات المسنين و تصنيفها، مجلة جامعة دمشق- المجلد ٣٥- العدد الاول- ٢٠١٩.
٣١-مصطفى، ناديه محمود، جدالات حوار صراع الحضارات: إشكاليه العلاقه السياسى – الثقافى فى خطابات عربية وإسلامية، مركز الحضارة للدراسات السياسيه، جامعة القاهره، ب.ت.
٣٢-مونتجرى، فيكونت، الحرب عبر التاريخ، ت. فتح عبدلله النمر، مكتبه الانجلو المصرية، القاهرة، ٢٠٢١.
٣٣-هنتجتون،صدام الحضارات الصدام بين الحضارات، ط١، مركز الدراسات الاستراتيجية والبحوث، ١٩٩٥.

**سێیەم:- سەرچاوە بیانیەکان**

Chambers, Dictionary, edited by E-kiyk Patrick chambers,London,1985. 1-
2- Erin,M.The concept of Internal Displacement, Refugees Survey qquartilely, v.24,N.3,2005.

2-Gillham , Bill, Case Study Research Methods, First Published, Continuum Publication, New York and London, 2000 .

3-R. Hancock , Dawson and Bob Algozzine, Doing Case Study Research, First Edition, Published by Teachers College Press, New York, 2006.

4-Şimşek ,Ali Yıldırım ve Hasan, Sosyal bilimlerde Nitel Araştırma Yöntemleri, 9. Baskı, Seçkin yayıncılık, Ankara 2013, S45 .

**چوارەم:- سەرچاوە ئەلکترۆنییەکان**

1 - تقرير الامم المتحده، سته آعوام على سنجار العراق ٢٨٠٠ من الايزيديين فى عداد المفقودين و مئات الالاف فى محيمات النزوح، https://news.un.org/ar/story/2020/08/1059182?fbclid=IwAR2rehdrPiXtZxdNdjCCB7CrX2asTQ2NPjrQ7SdJEkTQB4VR10KOG0VEQco، تاريخ حصول على معلومات ٢٠٢٣/١١/٢١.

2 - (عەبدوللا، ٢٠١٦،https://gulanmedia.com/so/story/202135/1621546810-3925-)

**پێنجەم:- چاوپێکەوتن**

١- چاوپێکەوتن لەگەڵ جێگری بەڕێوەبەری کەمپی ئاوارەکانی ئاشتی (کاشان کامەران عوسمان)، ڕێکەوتی چاوپێکەوتن: ٢٠٢٣/١/١٨.

٢- چاوپێکەوتن لەگەڵ جێگری بەڕێوەبەری کەمپی ئاوارەکانی ئاشتی (کاشان کامەران عوسمان)، ڕێکەوتی:.

## پاشکۆ (١)

**فۆڕمی چاوپێکەوتن**

**زانیاری تایبەت**

1 . ڕەگەز:
2. تەمەن:
3. باری خێزانی:
4.ئاستی بژێوی:

**زانیاری گشتی**

**سەبارەت بە کێشەکانی بەساڵاچوو و هۆکاری مانەوە لە کەمپی ئاوارەکان**

**تەوەری یەکەم: کێشەی کۆمەڵایەتی**

1 .بەگشتی کاتەکانت چۆن بەسەر دەبەیت؟

2 .بەشداری لە کۆڕ و کۆبوونەوە کۆمەڵایەتییەکاندا دەکەیت؟ چۆن؟ سەردانی کەس و خزمە نزیکەکانت دەکەیت؟

3 .ئەو کێشە کۆمەڵایەتیانە چین کە ئێستا دووبارە دەبنەوە و بێزارت دەکەن؟

4 .مامەڵەی دانیشتوانی ناوچەکە (کۆمەڵگەی خانەخوێ) لەگەڵ ئێوەی ئاوارەدا چۆنە؟

5 .ژیانی ئاوارەییت چ کێشەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ دروست کردوویت، کەپێشتر نەتبووە؟

6 .ئەو شتانە چین کە بەڕێزت بەپێویستی دەزانیت تاوەکو لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە هەست بە ئاسایش و سەقامگیری بکەیت؟

**تەوەری دووەم: کێشەی دەروونی**

1 .بیرکردنەوە و هەستەکانت دەربارەی ڕابوردوو و گەنجیت چۆنە؟
2.هەست دەکەیت حیکمەت و ئامۆژگارییەکانی تۆ گوێیان بۆ دەگیرێت؟ چۆن؟
3.هەڵچوون و توڕەبوونت هەیە؟ یان گرفتێک دروست ببێت چۆن ڕەفتاری لەگەڵ دەکەیت؟
4.لەدۆخێکدا نەتوانیت کارەکانی خۆت بەباشی ئەنجام بدەیت هەست بەچی دەکەیت؟
5.ژیانی ئاوارەیی و مانەوەت لەم کەمپە چ کێشەیەکی دەرونی بۆ دروست کردوویت کە پێش ئاوارەبوون نەتبووە؟
6.بەڕای تۆ چ شتێک هاوکار و یارمەتیدەر دەبێت تاوەکو لێرە دۆخێکی دەرونی ئارامتان هەبێت؟

**تەوەری سێیەم: کێشەی تەندروستی**

1 .بەگشتی دۆخی تەندروستیت چۆنە؟
2.بۆ وەرگرتنی چارەسەری پزیشکی ڕوو لەکوێ دەکەیت؟ لەدۆخێکدا ئەگەر پێویستان بە کەرەستەیەکی تایبەت هەبێت، وەک بیستۆکی پزیشکی، عارەبانەی خاوەن پێداویستی تایبەت، تەوالێتی تایبەت هتد.. کێ هەیە پەنای بۆ ببەن، یاخود بۆتان دابین بکات؟
3.ژیانی ئاوارەیی و نیشتەجێبوونت لەم کەمپە بۆتە هۆکاری تێکچوونی تەندروستیت؟ چ کێشەیەکی تەندروستیت لێرە بۆ دروست بووە و پێشتر نەتبووە؟
4.بەزۆری هۆکاری نەخۆشکەوتنتان لەم کەمپەدا بۆچی دەگەڕێتەوە؟ ئەی چی بکرێت بۆئەوەی دۆخی تەندروستیتان جێگیر ببێت؟

**تەوەری چوارەم: کێشەی دارایی**

1 .بەگشتی بارودۆخی داراییت چۆنە؟
2.ئایا کار دەکەیت؟ ئەگەر بەڵێ چ کارێک دەکەیت؟ بۆچی؟
3.ئەو کارەی دەیکەیت کێشەی تەندروستی بۆ دروست کردوویت؟
4.بەهۆی ئاوارەبوونتانەوە چ جۆرە یارمەتییەکی دارایی وەردەگرن؟ حکومەت یاخود ڕێکخراوەکان؟
5.ژیانی ئاوارەیی و مانەوەت لەم کەمپە لەڕووی ئابووریەوە چ کێشەیەکی بۆ دروست کردوویت کە پێشتر لە مەڵبەندەکەی خۆت نەتبووە؟
6.پێتوایە چ پێداویستییەک هەیە بۆ کەسانی بەتەمەن گرنگ بێت و نەتوانن لەم کەمپەدا دابینی بکەن؟

**تەوەری پێنجەم: هۆکاری مانەوە**

1 .ئەو شتانە چین کە وایان لەتۆ کردووە بەژیانی ناو ئەم کەمپە ڕازی بیت؟
2.بۆچی بۆمانەوە ئێرەتان لەچاو شوێنەکەی پێشتری خۆتاندا هێشتا پێ پەسەندترە؟